# پێزو بەرهەمی وشەی (سەر)
# لە زمانی کوردیدا

**پ. ی. د. فاروق عومەر سدیق/ زانکۆی سلێمانی- سکوڵی زمان/ بەشی زمانی کوردی**

**سەرەتا:**

یەکێك لە وشە هەرە ئەکتیڤو چستو چالاكو بەبەرهەمەکانی زمانی کوردی (سەر)ە.[1] ئێمە بۆ ئەوەی بەڕاستێتی لە سەنگو بەهاو جێو شوێنو بەپێزی ئەم وشەیە بگەین بەپەسەندمان زانی کە لە سەرەتاوە لەسروشتو جۆرو چەشنی پێکهاتەی فەرهەنگ خۆیەوە دەست پێبکەین دوابەدوایدا، تایبەتێتیە لێکسیکیو گراماتیکییەکانی (سەر) دەخەینە ڕوو.

پێزو بەرهەم[2] و گرنگیی جێو شوێنو بەکارهێنانی ڕۆژانەو هەمیشە بەرچاوی وشەی (سەر) لە زماندا و دیاریکردنی سینۆنیمو هۆمۆنیمەکانیو چوونە خوارەوە بەڕەگو ڕیشەیانو خستنەڕووی تێکڕای ئەرکە هەمە جۆرەکانی کە تا ئەمڕۆ بەشاراوەییو دەست بۆ نەبراوی ماونەتەوە، خولقێنەری خولیاو گەڕان بەدوای ڕاستیو دروستی هەموو ئەو مەسەلانە هاندەرمان بوون کە بەگرتنەبەری ڕێبازی بەراوردی مێژووییو بە سوود وەرگرتن لە ڕێبازی وەسفی بەم باسە سەربەخۆیە، بتوانین تارمایی سەر وشەی (سەر) بڕەوێنینەوە کە ئەویش بەلەبەرچاوگرتنو بە جیا تەماشاکردنی ئەو دوو لایەنە دێتە دی کە دواتر ئاماژەیان پێدەکەین.

ئەم باسە جگە لەسەرەتاو دەروازەو ئەنجام، (٣) سێ بەش دەگرێتەخۆی:

---

1- ئەم لێکۆڵینەوەیە لە وشەی (سەر) بە گشتیو زیاتر بۆ دیالێکتی خواروو تەرخانکراوە لەبەر سنوورداری باسەکەش، زۆر پێویست نەبوویێت، خۆمان لە قەرەی دیالێکتەکانی تر، نەداوە.

2- وشەی (پێز) دەشێ بە سینۆنیمی: (سوود، کەڵك، قازانج، دەسکەوت، فایدە) دابنرێت، ڕەگو ڕیشەی ئەم وشەیە، هندوئەوروپاییەو دەتوانرێت لەگەڵ ئەم دوو وشە ڕووسیەدا: (پۆلزە = پێز، یا سوود)، (پەڵێزنی = بەپێز، یا بەسوود) بەراوردبکرێت، بۆ وشە ڕووسێکان بڕوانە:

- ن. م. شانسکی، ڤ. ڤ. ئیڤانۆڤ، ت. ڤ. شانسکەیا، فەرهەنگی کورتکراوەی ئێتمۆلۆژی زمانی ڕووسی، مۆسکۆ، ١٩٧٥، ل٢٨٩، ٣٢٦، ٣٥٣.

لە کوردیدا کە دەوترێت: (ئەم ئاردە بە پێزە) واتە سوودی لێ دەبینرێتو هەویرەکەی بەئاسانی دەکرێتەوەو نانی زۆری لێ دێت، ئەمەش، ئەوە دەگەیەنێت کە ئاردەکە فرە بەرهەمەو نانی زۆر دەدات بەدەستەوە.

ئێمە لەم باسەماندا، وشەی پێز (profit)و بەرهەم (product)مان بەدوای یەکدا هێناوە، مەبەستمان دەرخستنی سوودو بەرهەمی وشەی (سەر)ە.

**یەکەم بەش:**

I. چۆنیەتی ناوبردنی وشەی (سەر) لە زمانی کوردیدا.

**دووەم بەش:**

I. هەنگاونان بۆ گەیشتن بە ئیتمۆلۆژی (سەر).

II. ئیتمۆلۆژی وشەی (کەللە).

III. بارودۆخی ئەمڕۆی وشەی (کەللە) لە زمانی کوردیدا.

IV. ڕێخۆشکردن بۆ چوونە ناو ئیتمۆلۆژی (سەر).

**سێیەم بەش:**

I. یەکلایی کردنەوەی ئیتمۆلۆژی (سەر)و بەرهەمەکانی لە فەرهەنگدا.

II. وشەی (سەر)ی بەگراماتیکبوو و جۆری ئەرکبینینی لە سینتاکسدا.

## دەروازە

فەرهەنگی زمان پێك دێت، لە فەرهەنگی گشتی (vocabulary) کە سەرجەمی ئەو وشانە دەگرێتەوە کە لە زمانێکدا بەکاردێن لەگەڵ فەرهەنگی بنەڕەتی زمان (basic word stock) کە بەشێکە لە گشتێکە.

(أ. أ. ریفۆرماتسکی) نووسیوێتی: فەرهەنگی گشتی تێکڕای ئەو وشانەی کە لە زمانێکدا بەکاردێن، دەگرێتەوە لەناو ئەو گروپە گەورە لێکسیکییەشدا، ژمارەیەکی کەمی، بەڵام دیارو دەرکەوتوو لێیان کە هەموو وشەڕەگێکانی زمانیان بەیەکەوە بەستۆتەوە بە نەواتی زمان دادەنرێن‌و بە فەرهەنگی بنەڕەتی ناودەبرێن.

فەرهەنگی بنەڕەتی لەچاو گشتیدا، کەمتر فراوانە، بەڵام جیاوازی لەگەڵ ئەودا لەوەدایە کە ئەم زۆرتر دەژی‌و بەتەمەنترەو سەدەها ساڵە بەبەردەوامی ماوەتەوەو بناغەیە بۆ سازکردنی وشەی نوێ.[3] زمانەوانان بەم شێوانەش، تەماشای فەرهەنگی بنەڕەتییان، کردووە:

بەڕای (ل. ا. بولاخۆڤسکی) فەرهەنگی بنەڕەتی زمان بەپێی سەردەم‌و بەگوێرەی جیاوازی زمان، دەگۆڕێت، کەم، یا زۆر لە هەموو جێیەکدا، هەبووەو هەیە، ئەگەر بەشێوەیەکی تەسکتریش، بڕوانینە واتاکەی، مەبەست لەو وشانەیە کە زمان بێ ئەوان وجودی نابێت. لە زمانی میللەتانی خاوەن شارستانێتی بەرزو لەوانەشدا کە بە دواکەوتوو دەژمێرێن لە هەردوو لادا بەکارهێنانیان زەرورییەو ناکرێ خۆیانی لێ لادەن. بۆ نموونە لەبەڕێوەبردنی ئەرکەکانیدا، زمان هیچ کاتێك ناتوانێت دەست بەرداری وشەی لەم چەشنانە، بێت:

باوك، دایك، برا، خوشك، پیاو، ژن، مناڵ، سەر، دەست، شان، پێ، لووت، گوێ، ئاو، زەوی، ئاسمان، خۆر، مانگ، ئەستێرە، ئاگر، ڕۆژ، شەو، باران، تۆو، دار، گیا، دۆست، دوژمن، برین(زام)، دڕندە، باڵندە، بەخشندە، تووڕە، ڕەق، نەرم، بەهێز، بێهێز، نەخۆش، ڕەش، سپی، گەرم، سارد، بەئازار، یەك، دوو، زۆر، کەم، کێ؟، چی؟، لەکوێ؟، ئاوخواردنەوە، خواردن، نووستن، ڕۆیشتن،

---

[3]– أ. أ. ریفۆرمانتسکی، سەرەتایەك لە زمانەوانی، چاپی چوارەم، مۆسکۆ، ١٩٦٧، ل١٢٨.

دانیشتن، پاڵکەوتن، کارکردن، کەوتن، فڕین، بینین، بیستن، لێدان، نەخۆش کەوتن، قسەکردن، هاوارکردن، بانگ کردن، کوڵان، بردن، سەرئاوکەوتن، سەوڵلێدان، هەڵپەڕین، کۆکین.[٤]

هەر لەبارەی فەرهەنگی بنەڕەتی زمانەوە (ئی. ڤ. ئارنۆڵد)یش، نووسیویێتی: بەلای زمانەوە، واتای فەرهەنگی بنەڕەتی لەوەدایە کە لەتەك بینای گراماتیکیدا، بناغەی زمان، پێك دەهێنن. ئەم فەرهەنگە با هێواش‌و سستیش، بێت، بەڵام شان بەشانی پێویستییە بەردەوامەکانی کۆمەڵ، زیادبوونی بەرهەم، کلتوور، تەکنیك، زانست، گەشەدەکات‌و پەرەدەسێنێت‌و نەش‌ونما دەکات. ئەنجا (ئارنۆڵد) دەڵێت: نووسەران هەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی کە نیشانە تایبەتێتی‌و جیاکەرەوەکانی وشەی بنەڕەتی بریتین لە: جێگیربوون‌و چەسپاویی، توانای سازکردنی وشەی نوێ، ئاشکرایی‌و زانراویی لای گشت. لەپاڵ ئەو سێ(٣) نیشانەیەدا، هەندێکی تر، ئاماژە بە نیشانەی تریش، دەکەن لەوانە: پێویستی ژیان بەو چەمکانە.

هەندێکی تریش، جگە لەو نیشانانە، چەند تایبەتێتیەکی تریشیان خستۆتە بەرچاو کە لەڕاستیدا، ئەوانە بەنیشانە دانانرێن، بەڵکو نیشانەی نموونەیین کاتێك کە لە هەموو وشەیەکدا، کۆببنەوە، سەبەب‌و هۆی چەسپاندنەکەیانن لەوانە: گرنگی دانی ژیان بەواتای ئەو چەمکانە، بەکارهێنان، فرەواتایی، یەك بڕگەیی، بێلایەنیی (موحاید)، شێواز، یا ستایل.[٥]

بەڕای (أ. أ. ریفۆرماتسکی)یش، فەرهەنگی بنەڕەتی ئەو وشانە لە دەوری خۆی کۆدەکاتەوە کە بۆ زمان زۆر پێویستن. دواتر، دەڵێت: ناشبێت، وا بیربکرێتەوە کە ئەمە بەتەواوەتیی هەموو چەمك‌و شتێکی پێویست دەگرێتەوە. لەوانەیە چەندین وشەی جیاواز بەچەمکێکەوە ئالابن، شتیش بە وشەی تر ناو ببرێن‌و لە حاڵەتی پێویستیشدا، ناوەکانیش، ئاڵوگۆڕیان بەسەر، بێت. لە زماندا، بۆ بەسیگناڵکردنی شتێك، هەر خۆی لەوانەیە ڕیزێك سینۆنیمی بۆ بەکاربێت، خۆ هەموشیان، ناچنە فەرهەنگی بنەڕەتییەوە. بەم جۆرە، ئەم فەرهەنگە کۆمەڵێك وشەیە، نەك چەمك، بگرە، شتیش، نییە. خزانە ناو ئەم فەرهەنگەشەوە بۆ وشە، هەروا کارێکی ئاسان، نییە.

لەدوای ئەمە (ڕیفۆرماتسکی) دەپرسێت: لەسەر، چ ئەساسێك پێویستە سروشتی وشەی فەرهەنگی بنەڕەتی دیاری بکرێت؟ بەڕای ئەو، لە پلانی لێکسیکۆلۆژیدا، دەکرێت (٣) سێ مەرج‌و نیشانە دابنرێن کە بۆ ئەم پرسیارانە وەڵام بن:

١- کەی؟، ٢- بۆ کێ؟، ٣- لە چ بارودۆخێکدا؟

وشەیەك کە حسابی بنەڕەتی بۆ بکرێت، وەڵامەکان، دەبێت بەم جۆرە بن:

١- هەمیشە، واتە (بەدرێژایی هەموو کات‌وساتێك).

٢- بۆ هەمووان، واتە (نەك تەنیا بۆ قسەکەران بەزمانی ئەدەبیی‌و نەتەوەیی، بەڵکو بۆ زۆربەی نوێنەرانی دیالێکتەکانی، تریش).

٣- لە گشت بارودۆخێکدا.

---

[4]- ل. ا. بولاخۆڤسکی، سەرەتایەك لەزمانەوانی، یەکەم بەش، مۆسکۆ، ١٩٥٣، ل٨٥،٨٤.

[5]- ئی. ڤی. ئارنۆڵد، لیکسیکۆلۆژی ئەمڕۆی زمانی ئینگلیزی، مۆسکۆ، ١٩٥٩، ل٣١١ – ٣١٣.

بەڕای (ریفۆرماتسکی) گرنگترین مەسەلە لە دەست نیشانکردنو دیاریکردنی  فەرهەنگی بنەڕەتی هەر زمانێکدا، ئەوەیە کە کام وشە، هی ئەو زمانە، خۆیەتی؟ و کامیان لە نێوان گروپێك زمانی خزمدا، گشتییە؟ و ئەی، چ شتێك، گروپە زمانە تاڕادەیەك دوورەکان، پێکەوە دەبەستێتەوە کە لە یەك خێزاندا، یەك دەگرن؟

پاشان (ریفۆرماتسکی) لە باسی (فەرهەنگی ئەکتیڤی)و (فەرهەنگی پاسیڤی)دا، نووسیوویێتی:

١- فەرهەنگی ئەکتیڤی، نەك تەنیا ئەو وشانە دەگرێتەوە کە قسەکەر لەو زمانەدا تێیان دەگات، بەڵکو ئەوانەشە کە خۆی بەکاریان دێنێت، بێگومان فەرهەنگی بنەڕەتی بە بناغەی فەرهەنگی ئەکتیڤی دادەنرێت، ئەو وشانەش کە پیشەوەرێك ڕۆژانە بەسەردەمێوەن دیسانەوە دەچنەوە فەرهەنگی ئەکتیڤی ئەو کەسانە.

٢- فەرهەنگی پاسیڤیش، ئەو وشانە دەگرێتەوە کە قسەکەر لەو زمانەدا، تێیان دەگات، بەڵام خۆی بەکاریان ناهێنێت. لەوانە بۆ نموونە: زاراوەی تایبەتی تەکنیکی، دیبلۆماتی، دەربڕینی هەمەجۆرەی جیاواز.[٦]

پوختەو گوشراوی بیروڕاو بۆچوونی ئەو زمانەوانانە، دەربارەی فەرهەنگی بنەڕەتی، دەشێ بەو دیاگرامەی خوارەوە، بیانخەینە بەرچاو کە تیایدا، ئەو نیشانەو مەرجانەی کە پێویستن لە وشەیەکدا، هەبنو وەڵامەکانی ئەو (٣) پرسیارەی ئاڕاستەی دەکرێت، پۆزەتیڤ، بن، ئەوسا لە فەرهەنگی گشتیدا، دەخرێنە خانەی فەرهەنگی بنەڕەتییەوە[٧]:




---

6- أ. أ. ریفۆرماتسکی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٩، ١٣٠.

7- هەمان سەرچاوە، ل١٢٨- ١٣٣.

ئێستا بە دڵنیاییەوە، دەتوانین بڵێین: وشەی (سەر) لە زمانی کوردیشدا، وەڵامدەری پۆزەتیڤی ئەو پرسیارانەیە کە بۆ دانانی وشەیەك بە بنەڕەتی سەنگی مەحەکن و هەموو ئەو مەرج و نیشانانەش کە پێویستە لەو جۆرە وشانەدا، هەبن، دەیان گرێتەوە، لەبەرئەوە بە یەکێك لە وشە هەرە ئەکتیڤ و چالاکەکانی فەرهەنگی کوردی دادەنرێت.

وشەی (سەر) حاڵی، حاڵی هەموو وشەیەکی کۆنەساڵەی بنەڕەتی تر، لە ڕەوتی دوورو درێژی مێژوویی خۆیدا بەر بەرداشی ئیکۆنۆمی زمان کەوتووەو بەکارتێکردنی فاکتەرە بزوێنەرە ئاڵوگۆڕکەرەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتێکان لە گشت لاوە گۆڕانی بەسەردا، هاتووەو لەم لاو لەولاش، تۆزی زەمانەی لە سروشتی کارکردنی لە لێکسیکۆلۆژی و گراماتیکدا لێ نیشتووەو زۆر لایەنی بەشاراوەیی و تەمومژاویی ماونەتەوە.

بەڕای (ڕیفۆرماتسکی)، دوو لایەنی گرنگ لە وشەدا پێویستە لە یەکتری جیابکرێنەوە:

١- وشە بەتایبەتی وەك دانەیەکی لێکسیکی و سیماسیۆلۆژی لەگەڵ هەموو خاسێتەکانی بە تێڕوانینی لۆگیکی و لێکسیکیەوە.

٢- لێکسیم، وەك دانەیەکی بنیاتنەری زمان بە بەستنەوەی بە مۆڕفیم و سینتاگمەوە.[8]

## یەکەم بەش

### ١-١: چۆنیەتی ناوبردنی وشەی (سەر) لە زمانەوانی کوردیدا

وشەی (سەر) لە دیالێکتی خواردوودا، فۆڕمی سەرەکییە، بەڵام ئەم ڤەریانتانەشی[9]: (سار)و (سیر)و (سێر)و (سە) بەرچاو دەکەون. لەسەرووشدا بەم فۆڕمانە: (سەری)و (سێری)و (سەر)[10] و لە گۆرانیشدا بە فۆڕمی (سەر) لەکاردان.

لە زمانی کوردیدا لە دوو جێی جیاوازدا، ناوی (سەر) براوە:

أ- لە فەرهەنگدا کە بەشێکە لە لێکسیکۆلۆژی.

ب- لە زمانەوانیدا بە گشتی.

---

8- أ. أ. ریفۆرماتسکی، دەربارەی کێشەی دیاریکردنی ئەرکی فۆنۆمۆڕفۆلۆژی وشە، (باسێکە لەگەڵ چەندین لێکۆڵینەوەی زمانەوانی تردا) لە کتێبی (ستراکچەری مۆڕفۆلۆژی وشە لە پۆلە زمانی جیاوازدا) مۆسکۆ – لێنینگراد، ١٩٦٣، ل٦٠- ٧٠.

9- ڤەریانت، واتە فۆڕمی گۆڕاو، ئەم زاراوەیە سەرچاوەکەی وشەی {varians (variantis)} ی لاتینییە کە واتای گۆڕاوی گەیاندووە، لە ئینگلیزیدا (variant) ە، لە فەڕەنسیدا (variante)ە، لە ئەڵمانیدا، (variante)ە، لە ئیسپانیدا (variante)ە.

ئەم زاراوەیە بەرامبەر بە شێوەی گۆڕاو، یا شێوەی جیاوازی واقیعی دەرکەوتنی دانەزمانێکانی وەك (فۆنیم، مۆڕفێم، لێکسیم و....) بەکاردێت. بڕوانە: فەرهەنگی وشەی بێگانە، مۆسکۆ، ١٩٨١، ل٩٨. و ئو. س. ئەخمانۆڤا، فەرهەنگی زاراوە زمانەوانیێکان، مۆسکۆ، ل٤٠، ٧٠.

10- چ. خ. باکایێڤ، فەرهەنگی کوردی – ڕووسی، مۆسکۆ، ١٩٥٧، ل٣٣٠- ٣٣٤ " ك. ك. کوردۆێڤ، فەرهەنگی کوردی – ڕووسی، مۆسکۆ، ١٩٦٠، ل٦٦٠- ٦٧٢.

له فەرهەنگدا، (سەر)یش، وەك وشەكانی تری زمان بەشێك لە واتاكانی لێكدراونەتەوەو ئاماژە بەچەندین پێكهاتەی نوێ كە بە یارمەتی ئەو سازێنراون، كراوە.

لە هەڵسەنگاندنی ئاستی فەرهەنگە كوردێكاندا، (محەمەد مەعروف فەتاح) نووسیوێتی: شتێكی ئاشكراو بەڵگەنەویستە زۆربەی فەرهەنگەكان لە ئاستی ئەو ئەركەدا، نین كە دەیانەوێ ئەنجامی بدەن، چونكە شانێكی[11] فەرهەنگسازەكان لەوەدایە كە گەورەترین ژمارە وشەو كەرەستەی زمانی تۆمار بكەن، واتا گرنگی دەدەن بە قەبارە، نەك بە جۆر.[12]

دواتر لە (كێشەی دەروازە فەرهەنگییەكان)دا نووسیوێتی:

ئەوەی تێبینی دەكرێ لە دەروازە فەرهەنگییە تاكە زمانەكاندا، ئەوەیە، ئەو زانیارییەی كە دەیدەن زۆرر كەمەو لەو ئاستەدا نییە كە كەڵك بە فێرخوازانی زمان بگەیەنێ، ئەم خەوشەی دەروازەكان لەلایەكەوە زۆر كۆنەو بەشێكە لە كەلەپووری فەرهەنگساز كە باوەڕی وایە وشەو واتا لە هەموو پێكهاتەكانی زمان گرنگترن‌و بەبێ ئەمانە زمان بوونی نییەو ئەركی فەرهەنگ تۆماركردنی وشەیەو دانانی واتاكانێتی.[13]

سروشتی فەرهەنگسازی كوردی كە ئەمە بووبێت، وشەی (سەر)یش تیایاندا، حاڵی هەر حاڵی وشەكانی تری زمان بووەو هەر بەو دیدو تێڕوانینەشەوە تەماشای ئەمیش كراوە، بۆ نموونە لە فەرهەنگی (خاڵ)دا، واتاكانی بەم شێوەیە لێكدراوەتەوە:

١- سەلكی گیاندار.

٢- لای ژوورووی هەموو شتێك.

٣- نیشانەیەكی بچكۆلەی ڕاستە لەبان هێندێ پیتی عەرەبی دادەنرێ.

٤- جار: بەیانی (سەر)ێك هاتم بۆ لات.

٥- سەرقاپی شت: (سەر)ی شووشەكە شكاوە.

٦- دەمی دەفر: (سەر)ی دەفرەكە بنێرەوە.

٧- بریتییە لە تاقە گیاندارێك: خێزانی فیسار كەس چوار (سەر)ن.

٨- ئەندازەیەكە لە ئاو كە كشتوكاڵی پێ ئاوبدرێ: كارێزەكەم (سەر)ێك ئاوی هەیە.

هەر لەم فەرهەنگەدا، چەندین پێكهاتەی نوێ كە بەیارمەتی (سەر) سازبوون، خراونەتەڕوو لەوانە: (سەرئێشە، سەربڵند، سەرتاش، سەرچاوە، سەردانان، سەردەركردن، سەردانەواندن، سەرپێسپاردن..)[14]

لە (هەنبانەبۆرینە)شدا، بەم جۆرە واتاكانی خراونەتە بەرچاو:

١- هەر شتێ لەباڵایە.

٢- لەئەستۆ بەرەو ژووری گیاندار.

---

[11]- لەوەدەچێت وشەی (شانێكی) بەهەڵە لەباتی (خەوش) چاپكرابێت.

[12]- د.محەمەد مەعروف فەتاح، لێكۆڵینەوە زمانەوانییەكان (زانەوانی‌و فەرهەنگسازی‌و دەوڵەمەندكردنی دەروازە فەرهەنگییەكان)، هەولێر، ٢٠١٠، ل٣٦٩.

[13]- محەمەد مەعروف فەتاح، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦٩.

[14]- شێخ محەمەدی خاڵ، فەرهەنگی خاڵ، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٢٦٦ – ٢٧٦.

٣- یەکێ لە بزاوی پیت: (سەرو بۆرو ژێر)

٤- پارەیێ کە لە باقی مامڵە دەدرێ.

٥- جار، دەحفە.

٦- ئالی، لا: (لەم سەر تا ئەو سەر چووم).

٧- ماوەیەك لە زەمان: (سەرێك هاتو ڕۆیشت).

٨- داپۆشی دەفر.

٩- جەم، کن، نك: (بردومەتە سەر وەستا).

١٠- تاکێك لە مرۆڤو ئاژەڵ: (دەسەر خێزانم، چوار سەر بزنم هەیە)

١١- ئاخر، ئاکام: (هەتا سەر وا نامێنێ)

١٢- بەخاتری، لەبەر: (لەسەر تۆ وام لێ هات).

ئەمانەش چەند وشەیەکی لە (سەر) سازکراون: سەرپەڕ، سەرچڵ، سەرکۆمار، سەرچاوە، سەرجەم، سەرخەو، سەرگوڵ، سەرکێش، سەرڕاست، سەرزل، سەرسواڵکەر، سەروو و......).[15]

لەو فەرهەنگانەشدا کە بەپێی نەریتی باوی فەرهەنگسازیو بە دوو مەبەستی جیاواز دانراون، بایەخی تەواو بە لێکدانەوەی واتای وشەکان، دراوە، ناوبردنی ئەو پێکهاتە نۆیانەش کە بە یارمەتی ئەوان سازێنراون، دیسانەوە هەر بۆ مەبەستی شەرحی واتاکانیانە، هەر لەبەرئەوەشە کە زۆر بەکەمی نەبێت، نەچوون بەلای دەرخستنی تایبەتێتی لێکسیکیو گراماتیکی ئەو وشانەوە، هەرچی سستێمی زانستیانەی ڕێکخستنی فەرهەنگیشە کە لە زمانە پێش کەوتۆکاندا پەیڕەوی کراوەو دەکرێت، ئەوا لە دانانی فەرهەنگە کوردێکاندا، بە گشتی تا ئەمڕۆ جێیان نەبۆتەوە.[16] هەژاریی ئەو فەرهەنگانە لەڕووی دەروازە فەرهەنگێکانەوە، کارێکی وای کردووە کە مرۆڤ نەتوانێت زانیاری تەواو دەربارەی سروشتو جەوهەرو تایبەتێتیە زمانەوانێکانی ئەو وشانەی چنگ کەوێت، لێرەدا دەتوانین چارەنووسی وشەی (سەر) بەنموونە بێنینەوە.

لە زمانەوانیشدا، (مەبەستمان لێرەدا جگە لە فەرهەنگسازی)، ئەوەندەی ئاگادارینو تا ئەم باسەی ئێمە، هیچ کارێکی زانستی سەربەخۆ لەسەر ئاستی لێکسیکۆلۆژی[17] و گراماتیكو فرەلایەن، دەربارەی وشەی (سەر) نەکراوە، ئەوەی لەبەرەستیشدان، ناڕاستەوخۆ و زۆر

---

15– هەژار، هەنبانەبۆرینە، چاپ چهارم، تهران، ١٣٨٤، ل٤٠٦، ٤٣٥، ٤٣٦، ٤٣٩، ٤٤٣.

16– جێی خۆیەتیو پێویستە بوترێت کە چ. خ. باکایڤ لە فەرهەنگی کوردی – ڕووسیو ك. ك. کوردۆێڤیش، لە فەرهەنگی کوردی – ڕووسی کە پێشتر ئاماژەمان پێکردوون، جنسی ناوەکانیان، دیاریکردووە، هەر بۆ نموونە بەرامبەر بە وشەی (سەری)و (سێری)و (سەر) نووسراوە جنسی نێرینەن" (عەبدولرەحمانی زەبیحی)یش لە (قاموسی زمانی کوردی، بەرگی یەکەم، بەغدا، ١٩٧٧)و (قاموسی زمانی کوردی، بەرگی دووەم، بەغدا، ١٩٧٩) هەندێ زانیاری مۆڕفۆلۆژی وشەکانی بەیان کردووە.

17– لەڕاستیدا، (د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف) لە کتێبی (وشەی زمانی کورد، بەغدا، ١٩٧٠، ل٣٧)دا، وشەی (سەر)ی کوردیو بەرامبەرەکانی لە هەندێ زمانی ئێرانی ڕۆژئاواییو ڕۆژهەڵاتی نوێدا لە خشتەیەکدا، ڕێکخستووە، (ر. ل. تسەبۆلۆڤ)یش لە کتێبی (لێکۆڵینەوەیەك لە فۆنەتیکی مێژوویی زمانی کوردی، مۆسکۆ، ١٩٧٦، ل٥٩)دا و لەباسی فۆنیمی (س S) بەرامبەرەکانی وشەی (سەر)ی کوردی لە هەندێ زمانی ئێرانی کۆنو نوێدا بەنموونە هێناوەتەوە.

سنووردارن‌و لەئەنجامی ڕاگوزەر بەناو ستراکچەری پریپۆزشن، یا ناوی ڕووداو، یا پارتیکڵدا، پەنجە بۆ ئەرکی (سەر)یش، ڕاکێشراوە.[18]

## دووەم بەش

### ٢-١: هەنگاونان بۆ گەیشتن بە ئێتمۆلۆژی (سەر)

ئەمڕۆ (سەر) وەك ئەندامێکی (لەش)، سینۆنیمەکەی (کەللە)یە. کلیلی کردنەوەو گەیشتن بە بنج‌و بناوانی (سەر) بەڕای ئێمە، چوونە خوارەوەیە بە ڕەگ‌و ڕیشەی (کەللە)دا، بۆیە لەم بەشەدا، یەکەم هەنگاومان بەرەو ئەو ئامانجە دەنێین.

### ٢-٢: ئێتمۆلۆژی وشەی (کەللە)

ئاستی زانین‌و زانیاری‌و تێگەیشتوویی‌و کلتووری میللەتان، چەقبەستوو نییە. بە دینامیك‌و کارکردنی چەندین فاکتەری بزوێنەرو گۆڕەری پەیوەندییە کۆمەڵایەتێکان بەردەوام گۆڕان بەسەر عەقڵ‌و هۆش‌و چۆنێتی‌و جۆری بیرکردنەوەی مرۆڤدا، دێن.

ئەرکی زمان، وەرگێڕانی ئەو گۆڕانکاریانەیە کە لە ژیانی مادی‌و مەعنەوی خەڵکیدا، ڕوو دەدەن. یەکێك لەو ئاستانەی زمان کە هەر زوو تەرجومان‌و وەڵامدەری دەربڕین‌و چەسپاندن‌و بڵاوکردنەوەی ئەو گەشەسەندن‌و ئاڵوگۆڕکردنە نوێیانەن کە لەبیرو هەستی مرۆڤدا، سەر هەڵدەدەن، فەرهەنگی زمانە. ئەم فەرهەنگە، هەمیشە لە شڵەقاندندایە، ئەوەش، وادەکات پەیوەندی وشەکانی زمان لەناو خۆشیاندا، بەقەتیسماویی نەمێنن، بەڵکو هەریەکەیان لە پێناوی جێگرتن‌و پارێزگاری لەخۆکردن، چەندەها چەك‌و ڕێگا دەگرنەبەر کە یەکێکیان بە سینۆنیم بوونە. لەم پرۆسەیەشدا، وشە هەروا بە ئاسانی بەسەر وشەیەك، یا چەند وشەیەکی تردا، ناتوانێت زاڵ بێت، چونکە ئەوانەی ئەم سەنگەرەیان لێ دەگرێت، هەروەکوو ئەو بەهێزو بە پێزو بەکارو بنج داکوتاون، جا لەبەرئەوە، کێشەو ململانێی لەگەڵیاندا، سەخت‌و دژوارو درێژخایەنە.

وشەی (سەر) لە ڕەوتی مێژوویی خۆیدا بە گوێرەی ئەو سەرچاوانەی لەبەر دەستمان دان کەوتۆتە ململانێ لەگەڵ وشەیەکی ڕەگ‌و ڕیشە داکوتاوی کۆنەساڵەی هندو ئەوروپایی کە ئەویش،

---

[18]– بڕوانە: أ– سەعید صدقی کابان، مختصری نحو صرفی کوردی، بەغدا، ١٩٢٨، ل٢٤، ٢٥.

ب– Ernest N. McCarus, A KURDISH GRAMMAR, NewYork, 1958, P77.

پ– نوری عەلی ئەمین، ڕێزمانی کوردی، سلێمانی، ١٩٦٠، ل١٨٦، ١٨٨.

ت– لیژنەی زمان‌و زانستەکان، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، بەغدا، ١٩٧٦، ل٢٨٤– ٣٢٦.

ج– ك. ر. ئەیوبی‌و ئی. أ. سمیرنۆڤا، دیالێکتی کوردی موکری، لینینگراد، ١٩٦٨، ل٤١.

چ– ز. أ. یوسوپۆڤا، دیالێکتی سلێمانی زمانی کوردی، مۆسکۆ، ١٩٨٥، ل٧٤.

خ– د.ئەورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم، (وشەسازی)، (ئاوڵکردار)، سلێمانی، ٢٠٠١، ل١٤٦– ١٤٨، ١٥٢.

د– ئی. أ. سمیرنۆڤا، ك. ر. ئەیوبی، دیالێکتی کوردی سنە، سان – پترسبۆرگ، ٢٠٠١، ل٤١.

(کەللە)یە، کە بەو نەخشەیەی خوارەوە، فۆڕمە هاوبنجیە جیاوازەکانی لەچەند زمانێکی هندوئەورووپایی کۆن و نوێدا، نیشان دەدەین:

| زمان | وشە |
|---|---|
| ئاوێستایی | KAMERSTHA |
| سانسکریت | KAPUCCHALAM |
| گریکی | KÁPĀ, KEPHALĒ |
| لاتینی | CAPUT, CAPITIUM |
| ئەڵەمانی کۆن | HOUBIT |
| ئینگلیزی کۆن | HĒFOD |
| سلاڤی کۆن | CLAVa |
| فەڕەنسی | CAP |
| ئیسپانی | KABEZA |
| ڕووسی | CLAVA |
| ئینگلیزی | HEAD |
| سویدی | HOVUD |
| فارسی | کله |
| کوردی | [19] KELLE |

(مصطفی پاشنگ)یش، (کلّە)ی فارسی بەرامبەر وشەی (Kamerza)ی ئاوێستا ڕاگرتووە،[20] مەبەستیشی ئەوەیە کە سەرچاوەی هەردووکیان یەکە.

(جان ئایتۆ)ش دەربارەی ڕیشەی (haed)ی ئینگلیزیش نووسیوێتی: (haed) واتە (سەر – کەللە، سەرۆك، پیاوماقووڵ) تادەگاتە (–√kaupet)و (-√kauput)ی هندو ئەورووپایی، ئەکرێ شوێن پێهەڵگری ناوەڕۆکی چەمکی (bowl) واتە (کاسە – پیاڵە – جام) بێت کە لە {(skull) واتە (کاسەی سەر)}دا هەیەو لە (head)یشدا هەبوو، هەرچەندە نازانرێت، لەو چەمکانە، کامەیان پێش ئەوانیتر، پەیدابووە.

---

19– (اریان پورکاشانی) سەرجەمی ئەو وشانەی کە لەو نەخشەیەی سەرەوەدان کە وەك دەبینرێت، وشەی (کەللە)ی کوردیشی تیادایە بەئەسڵ بردۆتەوە سەر ئەم دوو ڕەگە هندوئەورووپاییە: (√KAPUT)و (√KAPOLO)، لەوە دەچێت کە نموونەی سلاڤی بە هەڵە چاپکرابێت چونکە ڕاستییەکەی، ڕووسی کۆن {CLAVa}یە، ڕووسی نوێش {CLAVa}یە، (نووسەری ئەم باسە) بڕوانە: دکتر منوچهراریان پورکاشانی، ریشەهای هندواوروپایی زبان فارسی، اصفهان، ١٣٨٣، ص٤١١.

20– مصطفی پاشنگ، فرهنگی پارسی پاشنگ، چ٢، تهران، ١٣٨١، ص٨٤٩.

لەو وشە هندوئەوروپاییە ناوبراوانەوە، وشەی (khaubitham)و (khaubutam)ی جەرمەنی بە میرات ماوەتەوە کە (haupt)ی ئەڵمانیو (hoofd)ی هۆڵەندیو (huvud)ی سویدیو (head)ی ئینگلیزی، دەچنەوە سەریان.

فۆرمێك لەو وشە هندوئەوروپاییە هەرە کۆنانە، (√kauput) بوو کە ئاشکرایە وشەی (caput)ی لاتینی لێ کەوتەوەو بووە بە سەرچاوە بۆ زنجیرەیەك وشەی ئینگلیزی، وەك: (capillary)، واتە (تووکن)و (capital) واتە (پایتەخت – تیپی گەورە)و (captain) واتە (کاپتن)و (chief) {سەرۆك – فەرماندە} بە واتای (سەر)و (-hapucchala)ی سانسکریتی بە واتای (مووی پشتی سەر)و (hoved)ی دانیمارکی بەواتای (سەر)ی لێکەوتۆتەوە.

فۆرمێکی تری خزمی ئەو وشانە (√keup)ە کە وشەکانی (hive) واتە (کەندوو – شوێنی قەرەباڵغو پڕجووڵە)ی ئیگلیزیو (cūpa)ی لاتینی بە واتای (barrel) (بەرمیل)و (cuppa)ی سەدەکانی ناوەڕاستی لاتینی {بناغەی (cup) (فنجان – جام)ی ئینگلیزیو (kopf)ی ئەڵمانی بە واتای (سەر)ی} لێ لەدایك بوون.[٢١]

لە ڕووسیدا، وشەی (čerp) واتە (کاسەی سەر) ڕیشەکەی براوەتەوە سەر ڕەگی هندوئەوروپایی (√kerp)و ئەسڵەکەشیان لەگەڵ وشەی (karpara)ی هندی کۆنو (kerpetis)ی پرووسی کۆنو (scirbi)ی ئەڵمانی کۆن کە واتای (توێکڵ)ی گەیاندووە، گرێدراون.[٢٢]
هەر لە ڕووسیدا، ڕەگی هاوبەش لەناو ئەم وشانەدا: (kəpitan کاپتن)و (kəpital سەرمایە)، (kapela کۆراڵ، یا کۆرس)و (kapral بارچاوەش)و (kapustə کەلەرەم) براوەتە سەر (kaput)ی لاتینی کە بە (سەر) وتراوە.[٢٣]

بەم شێوەیە، ئەو ڕەگە هندوئەوروپیانەی کە ناوی (کەللە)یان لەسەر بنیاتنراوە لەبنجدا، ناویان لەو کەرەسە مادییانە ناوە کە شتیان تیادا، هەڵگیراوە، یا پارێزراوە، هەر بۆیە ئەو کەرەسەیەی مێشکی تیادایە بە کاسەیەك شوبهێنراوە کە جێی مێشکی تیادا بۆتەوە، واتە ناوەکە لێرەدا کە (کللە)یە بەستراوەتەوە بە چەمکی شوێنەوە، بەڵام چەمکی گشتی شوێن خۆی نا، بەڵکو بەو کەرەسەیەوە کە بووە بە شوێن بۆ مێشك. هەبوونی فرێزی چەسپاوی (کاسەی سەر) ڕوونکەرەوەی ئەم لێکدانەوەیەمانە.

وشەی (کەللە) تا ئەمڕۆ، جگە لە فارسیو کوردی لە هەندێ زمانی ئێرانی نوێی تریشدا بەرچاودەکەوێت. بۆ نموونە لە تاڵیشیدا (کەللە)یە[٢٤]، لەئەفغانیشدا (کەللە)یە، بەڵام لێرەدا، تەنیا بۆ ئاژەڵە.[٢٥]

---

21- جان ایتو، فرهنگ ریشەشناسی انگلیسی، ترجمە حمید کاشانیان، تهران، چاپ اول، ١٣٨٦، ص٦١٠، ٦١١.

22- ن. م. شانسکی، ڤ. ڤ. ئیڤانۆڤ، ت. ڤ. شانسکەیا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٩١.

23- ئی. ڤ. پۆرنینا، دیراسەکردنی وشەی گران بە پێی شیکردنەوەی ئێتمۆلۆژی، مۆسکۆ، ١٩٦٤، ل٢٠.

24- ل. ا. پیریکۆ، فەرهەنگی تالیشی – ڕووسی، مۆسکۆ، ١٩٧٦، ل٢٧٦.

25- پ. ب. زودین، فەرهەنگی ئەفغانی – ڕووسی، مۆسکۆ، ١٩٥٠، ل٤١٠.

شایەنی وتنە کە وشەی (کەللە) لە فەرهەنگی خێزانە زمانەکانی غەیرەز هندوئەوروپاییەکاندا کە ئەویش، تورك‌و مەغۆلە، جێی خۆی کردۆتەوە، بۆ نموونە لە زمانی تورکی ئەمڕۆدا: (kelle) (کاسەی سەر)ە. وەك لێکسیمێکیش لە سازکردنی وشەی نوێشدا بەشداری کردووە، وەك (kelleşmek) واتە سەرڕووتاوە.[٢٦] لەوەدەچێت وشەی (کەللەشەك)ی کوردی کە زۆرجار بەتەوسەوە بەیەکێك دەوترێت کە سەری پاك پاك تاشی بێت، گۆڕاوی ئەو وشە تورکییە، بێت.

## ٢-٣: بارودۆخی ئەمڕۆی وشەی (کەللە) لە زمانی کوردیدا

لەڕاستیدا، وەك بۆمان دەرکەوت لەم ڕەگە کۆن سالانەوە: √kauput، √kopolo، √keup، √kerp چەندەها وەچەیان لێ کەوتۆتەوە کە یەکێکیان، وشەی (کەللە)ی کوردییە.

نەوەو وەچەکانی ئەو ڕەگە هندوئەوروپاییانە بە حوکمی ئەوەی کە گەیەنەری چەمك‌و واتای ئەندامێکی هەرە گرنگی لەشن کە (سەر)ە، بۆ فەرهەنگی زۆربەی هەرە زۆری ئەو گروپە زمانە، پەڕیونەتەوە.

داگیرکردنی ئەم سنوورە پان‌وبەرین‌و فراوانە، بەڵگەی ئەوەن کە لە سەردەمێکی یەگجار کۆن‌و دوورو درێژەوە، هەر یەکێك لەو وەچەوشانە، کاتی خۆی ئەندامێکی بەگوڕو بەپێزو بەدەست‌وبردو چست‌وچالاکی فەرهەنگی بنەڕەتی زمان بوون.

لە کوردیدا، وەك ڕاستییە زمانێکان، دەریان خستووە، (کەللە) کەوتۆتە کێشەی سینۆنیمیی لەگەڵ وشەیەکی لە خۆی بەهەڕەتتر کە ئەویش، (سەر)ە. لە ململانێی زاڵبوون‌و خۆبەدەستەوەنەداندا کە هەموو وشەیەك لە خەباتی پارێزگاری لەخۆکردندا، دەیکات، وەك دەردەکەوێت، (کەللە) ئەو ئەکتیفی‌و گڕوفووەی جارانی نەماوەو بەئەندازەیەکی زۆر لەپەل‌وپۆخراوەو لەسڕبوون‌و گۆشەگیری نزیك بۆتەوە.

ئەمڕۆ (کەللە) وای لێهاتووە کە بەسەربەخۆی زیاتر بۆ ئاژەڵ، نەك بۆ مرۆڤ‌و باڵندە بەکاربێت لەم حاڵەتەشدا، وەك لەو فرێزە ئیزافانەدا، دەی بینین دەشێ بشگۆڕێن بە (سەر):

(کەللەی فیل = سەری فیل، کەللەی ورچ = سەری ورچ، کەللەی گا = سەری گا، کەللەی بزن = سەری بزن،و ........)

ئاوێنەی ئەو بەرەوکزی ڕۆیشتنەی (کەللە) مانەوەیەتی لەو بەرهەمە کەمانەدا کە بەگشتی تەمەن درێژن، وەك: (سەروکەللە، کەللەشەکر، کەللەقەند، کەللەشەق، کەللەتەزێن، کللەپاچە، کللەپاچەکردن، کەللەیی‌و........)

---

26 - serdar MUTÇALI, TÜRÇE – ARAPÇA SÖZLÜK, Istanbul, 2004, 542

لەڕووی ئێتمۆلۆژیشەوە بەڕای ئێمە، وەك لێکسیم لەسازکردنی ئەم جۆرە وشانەشدا: (کوپ، کوپە، کوپەڵە، کەلا (هەڵمات)، کڵاو، کەلەرەم، کەلانەو......) بەشدارە،[٢٧] بەڵام لەم ساڵانەی دوایدا، لەفرێزێکی چەسپاوی وەك: (کەللەی سوکان)یشدا، بەرچاودەکەوێت.

بە بۆچوونی ئێمە لەپرۆسەیەکی مۆرفۆلۆژیداو دوای گۆڕانی فۆنەتیکیو بەیارمەتی سوفیکسی (-ۆك -ok) وشەی (کڵۆ)ش لەڕەگی (کەللە)وە پەیدابووە، کە دەشێ بەو شێوەیەی خوارەوە، نیشان بدرێت: کەللە + (-ۆك) > کەللەۆك > کەڵۆك > کەڵۆخ[٢٨] > کڵۆ[٢٩] لە (کڵۆ)ش، هەندێك وشەی لێکدراوی وەك: (کڵۆشەکر، کڵۆخوێن، کڵۆبەفر، کڵۆدەباشیرو.....) پێکهێنراون.

## ٢-٤: ڕێخۆشکردن بۆ چوونە ناو ئێتمۆلۆژی (سەر)

ئێمە بۆ ئەم کارە لەهەندێ لەو لێکۆڵینەوە زمانەوانیانە وردەبینەوە کە دەربارەی لایەنی فەرهەنگیی و ئێتمۆلۆژیی ئەو وشانە کراون کە لە ڕەگ و ڕیشەو ئەسڵدا لەگەڵ وشەی (سەر)ی کوردیدا، یەکانگیردەبنەوە.

(ئارانسکی) لە پاشکۆی کتێبی (زمانە ئێرانێکان) لە خشتەیەکدا، گروپێك وشەی فەرهەنگیی هاوبەشی زمانە ئێرانییە کۆنو نوێکانی بەراوردکردووە، بەشێك لێیان، ئەوانەن کە (ناوی ئەندامانی لەش، یا بەدەن)ن، یەکێکیش، لەوان کە ئێمە مەبەستمانە، وشەی (سەر)ی کوردیو ڤەریانتە بەرامبەرەکانێتی لەو زمانانەدا کە بەم چەشنە یەکی خستوون: ئاوێستا (sarah)، سکایی (sara)، فارسی میانە (sar)، سوگدی (sr)، تاجیکی نوێ (sar)، فارسی نوێ (sar) تاتی کۆماری ئازربایجان (sär)، بەلوچی (sar)، کوردی {کرمانجی (säri)، موکری (مهاباد) (sär)، هەورامانی (sär)}، تاڵیشی (sa)، دیالێکتی شاهرودی ئازربایجان (sar)، سمنانی (sar)، یاغنوبی (sar)، ئاسی {(دیالێکتی دیگون) (sär)}، پشتوو (sar)، ئیشکاشیمی (sar).[٣٠]

دیارە (ئارانسکی) لەڕووی واتاوە، حسابی ناولێنەرێکی بۆ ناولێنراوێکی بەشك لە لەشی بۆ وشەی (سەر) کردووە، بۆیە خستوویەتە لیستەی ناوی ئەندامانی بەدەنەوە.

---

[27]- دەربارەی سازکردنو لەدایکبوونی وشە، بڕوانە: دکتۆر فاروق عومەر سدیق، لەدایك بوونی وشە، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١١.

[28]- (کڵۆخ) لە کوردیدا بە (کەللەسەر) بەکارهاتووەو لە ئاژەڵ بژاردنیشدا بە سەرێك لەوان دەوترێت. بڕوانە: هەژار، هەنبانە بۆرینە، ل٦٢١.

[29] - گۆڕینی فۆنیمی (ك > خ)و (خ > ك) لە زمانە ئێرنێکاندا، ئاساییە، بۆ نموونە لە کوردیدا: خەندەق < کەندەك، کۆکە > < کۆخە، کەر < خەر. لە فارسیشدا: کمان > خمان، کرنا > خرنا(زوڕنا)، کوسە > خوسە (کۆسە) نارکوك > نارخوك (تلیاك). بڕوانە: علی اکبر دهخدا، لغت نامە، چاپ دوم، ج١٢، تهران، ١٣٧٧، ص١٧٨٥٣.

دیسانەوە، هەر لە زمانە ئێرانێکاندا، فۆنیمی (خ) لە وشەدا، بۆی هەبووە بەر بەرداشی ئیکۆنۆمی بکەوێتو تیادابچێت، هەروەك لەم نموونانەدا، دەبینرێت: دۆخ > دۆ، مەلەخ > مڵە، تەلخ > تاڵ، توخم > تۆو، بەخش > بەش. کەواتە (کڵۆ)ش، کەواتە دوای پەڕینی (خ)ی (کڵۆخ) (کڵۆ)ی لێ لەدایك بووە.

[30]- ئی. م. ئارانسکی، پاشکۆی کتێبی (زمانە ئێرانییەکان)، مۆسکۆ، ١٩٦٣، ل

(ئابایڤ)یش لە باسی ئیتمۆلۆژی تۆپۆنیمی (خونسار Xūnsār)ی فارسیو بەراوردکردنی لەگەڵ (خۆنسار xonsār)ی ئاسیدا[٣١] دەڵێت: (xūnsār) لە (xūn + sār) پێك هاتووە. دەربارەی کۆمپانێنتی دووەم کە مەبەستی باسەکەمانە نووسوێتی کە (sār) ئاماژە بەشوێنێك دەکات کە شتێك لەشتەکانی زۆر لێ بێت، یا پڕی بێت لە شتێکی دیاریکراوی سەرنجڕاکێش، بۆ نموونە: (کوهسار kūh-sār)، واتە (کێوسار)، یا (کوێستان)، کە جێیەکی شاخاوییە، واتە شاخی زۆرە. (سنگسار sang- sār)، واتە شوێنێکی بەرداوی، (چشمەسار čaśma- sār)، واتە جێیەك کە کانیو ئاوی زۆربێت. (نمکسار namak- sār) واتە جێیەکی خوێیاوی، یا خوێی زۆربێت، (ساخسار sāx- sār) واتە جێیەك کە لقوپۆپی دارەکان بەچڕی چووبن بەناویەکدا.

وشەی (سار) لە {(خونسار)و (کوهسار)و (سنگسار)و......}دا، لەگەڵ {(سر sar)و (سار sār)}دا یەك دەگرێتەوە کە بەشێك لە (لەش) دەگەیەنن‌و بەرامبەر بە (-sarah- , sāra)ی ئێرانی کۆنیش کە دیسانەوە، واتای بەشێك لە لەشیان گەیاندووە، ڕادەگیرێت، بەڵام واتای {جێو (تەرەفو لا)} کە لە (خونسار Xūnsār)ی فارسیو (sār) لە وشەکانی (xūnsār = xonsār)ی زمانی ئاسیدا، دەگەیەنن، گرانە ببرێنەوە سەر واتای بەشێك لە بەدەن. ڕاستتر وایە کە لە پریپۆزشنی زۆر بەکارهێنراویی زمانە ئێرانیەکان {(-sār) ، -sar} کە واتای ئاڕاستەکردن دەبەخشن، نزیك بخرێنەوە، هەروەك چۆن لەم نموونانەدا، هەستیان پێدەکرێت {(-sār(-sŕ}ی سوگدی، یاغنوبی، (-sa)، خوارزمی (-sar)، ئەفغانی (-sara)، زێباکی (sar). لە واخۆنیدا: (sər)و (sar) وەك ناو بەواتای (تەرەف، یا (لا)ش، بەکاردێن، بۆنموونە: (yi sər)، واتە (یەکلا، یا یەکسەر)، (yem sar)، واتە (لەم لاوە، یا لەمسەرەوە)، (yâsar)، واتە (لەولاوە یا لەو سەرەوە)، (?kum sar)، واتە (لەکاملاوە، یا لەکام سەرەوە)، ساریکولی (sar) وەك: (tar wi sar) واتە (لەولاوە، یا لەوسەرەوە)، (tar mi sar)، واتە (لەم لاوە، یا لەمسەرەوە)، (?tar kâ sar)، واتە (لەکام لاوە، یا لەکام سەرەوە).

(ئابایڤ) لە کۆتایی باسەکەیدا گەیشتووە بە ئەنجامێك کە بڵێت: ئەو نموونانەی سەرەوە، وامان لێ دەکات، بیر لە هەبوونی لێکسیمێکی ئێرانی کۆنی تایبەت لە شێوەی {-sār(a) *[٣٢]} بکەینەوە کە واتای {(تەرەف یا، لا)و (ئاڕاستە)}ی گەیاندبووبێت.[٣٣]

لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە بە ڕای (ئابایڤ)، (سار، سر) کە لەتەپۆنیمی (خونسار)ی فارسیو (خونسار// خۆنسار)ی ئاسیو وشەکانی وەك: (کوهسارو سنگسارو چشمەسارو

---

[31]– (خونسار Xūnśar) ناوی شارەدێیەکە، کەوتۆتە سەرووی ڕۆژئاوای (ئەسفەهان)، بە نیمچە دیالێکتێك، دەدوێن کە جیاوازە لە زمانی ئەدەبی نیمچە دیالێکتەکانی تری زمای فارسی، وشەی (خۆنسار Xōnśar)یش، تۆپۆنیمێکی، واتە ناوێکی گیۆگرافی کۆماری ئۆسیتیای ئۆتۆنۆمییە لە ڕووسیا.

[32]– نیشانەی (*) ئەستێرە لەسەر وشە، ئەوە دەگەیەنێت کە لەوانەیە ئەو وشەیە فۆڕمەکەی کاتی خۆی وابووبێت، واتە تەنیا فەرەزییەیە بۆئەوەی پشت بە بەڵگە ببەسترێت.

[33]– ڤ. ئی ئابایڤ، (تۆپۆنێمی Xūnśar)ی فارسی، لە کتێبی: (تۆپۆنێمی ڕۆژهەڵات – لێکۆڵینەوەو کەرەستە)، مۆسکۆ، ١٩٦٩، ل١٢٥– ١٢٨.

نمکسارو ساخسارو......) بەشدارن لە سازکردنیاندا بەئەسڵ نابڕێنەوە سەر وشەیەك کە واتای بەشێك لە لەشی گەیاندبێت، بەڵکو ڕەگو ڕیشەیان لەڕاستیدا، دەچنەوە سەر ئەو وشانەی کە دەربڕی واتای چەمکی {(تەرەف)و (لا)}و (ئاڕاستەکردن) بوون، هەروەك چۆن تائێستاش لە هەندێ زمانی ئێرانیدا بەو دوو واتایە بەسەربەخۆیی لەکاردانو بەگراماتکراویش، وەك پۆستپۆزیشن، دیسانەوە هەر لەو زمانانەدا بەکاردەهێنرێن.

(پورداوود) لە لێکدانەوەی ئێتمۆلۆژی وشەی (افسر)ی فارسیدا کە لە کوردیشدا بەکاردێت، نووسیویێتی: ئەم وشەیە لە دوو بەش پێکهاتووە: یەکەم بەش (ابی abiy)یە کە پریفێکسێکی زمانی فارسی کۆنەو واتای: {(بە)، واتە (بە)و (بر)، واتە (بەر)و (روی)، واتە (ڕوو)}ی گەیاندووە، فۆڕمی ئەم پریفێکسە لە گاتاکاندا کە کۆنترین بەشی ئاوێستایە (ائیبی aibi) بووەو لەبەشەکانی تری ئاوێستادا، (ائیوی aiwi) بووەو لە سانسکریتیشدا، (ابهی abhi) پێوتراوە. ئەم پریفیکسە لە پەهلەوی‌و فارسیدا، بووە بە (او)، یا (اف) لە چەندین زماندا، تا ئەمڕۆ لەکاردایە.

بەشەکەی تری (افسر) واتە دووەم بەش (سره sara)یە. لە هەموو زمانە ئارێکانی وەك فارسی کۆنو ئاوێستاو لە سانسکریتیشدا بەواتای (سر)ە، واتە (سەر)و ڤەریانتێکی تری، یا شێوەیەکی تری ئەم وشەیە (سارە sāra)یە کە، ئەمیش لە زۆر وشەی لێکدراودا، وەك، (کوهسار)و (سبکسار)، واتە (سەرسووك)و (نگونسار)، واتە (سەرشۆڕ)دا، هەیە، کەواتە (افسر) شتێکە کراوەتە (سەر)، یا (تاج) بووە. (افسر)و (افسار) هەردوکیان بەکارهێنراونو یەك واتایان بەخشیوە.

پورداوود، هەر لە باسی (سر)و (سار)ی فارسیدا، چەندین وشەی لێکدراوی بەنموونە هێناوەتەوە کە تیایاندا بێ‌هیچ جیاوازییەك لەواتادا، جارێك لەگەڵ (سر)و جارێك لەگەڵ (سار) بەکارهاتوونو شوێنی (سر)یش لەو وشانەدا، بۆی هەبووە یەکەم بەشی وشەکە بێتو بۆشی هەبووە، دووەم بێت، وەك: کوهسر// سرکوه = کوهسار

سبکسر// سرسبك = سبکسار

نگونسر // سرنگون = نگونسار

چاهسر = چاهسار (شوێنێکی ئاودار)

بادسر = بادسار (لەخۆبایی بوو، مەغرور)

دیوسر = دیوسار (بەدخوو، دێوسفەت)

پورداوود، دیسانەوە نووسیوێتی: بێ‌چەندوچوون (سر)و (سار) هەردوکیان یەکن. هەر لە چوارچێوەی بەکارهێنانی (سر)و (سار)دا، دەڵێت: لە گرامەری فارسیدا نووسراوە کە (سار) لە ڕیزێك وشەی لێکدراودا، ئامرازی لێکچوون، یا شوێنە، ئەمە ڕاستە لەهەندێ وشەی لێکدراودا، ئەو واتایە دەبەخشێت، بەڵام دەبێت بزانرێت لەو حاڵەتانەدا بە (مێتافۆر) بەکارهاتووە، ئەگینا واتای حەقیقیو ئەسڵی (سار) هەر (سر)ە.[٣٤] وەك دەردەکەوێت، پورداوود لەگەڵ ئەودا کە (سر)و (سار)ی بە ڤاریانتی یەکتری داناوە، واتاکەشیانی بە بەشێك لە لەش لێکداوەتەوە.

---

[34]– ابراهیم پورداوُد، هرمزنامه، تهران، ۱۳۸۰، ص۳۰۵، ۳۲۵، ۳۳۳

(اريان پوركاشانى) لەباسى ڕیشەی (سر)ی فارسیدا، واتاکەی بەبەشێك لە (لەش) داناوەو بنجەکەی بردۆتەوەسەر ئەم ڕەگە هندو ئەورووپاییانە:

*KRĀ- , *KEREI- , *KEREU- , *KRS-

بەخشتەیەکیش بەرامبەرەکانی لەچەندین زمانی هندوئەورووپایی و هندوئێرانی کۆن و نوێدا بەم شێوەیە، ڕێکخستووە:

| وشە | زمان |
|---|---|
| SARAH | ئاوێستایی |
| SIRAS, CHIRAS | سانسکریت |
| KERAS, KARĀ | گرێکی |
| CERE (BRUM) | لاتینی |
| SAR | پەهلەوی |
| HIRNI | ئەڵمانی کۆن |
| STIRN لەم زمانەدا واتای (ناوچەوان)ە | ئەڵمانی |
| SAR | بەلوچی |
| SAR | ئەفغانی |
| SĀR | ئاسی |
| SAR [٣٥] لەم زمانەدا واتای (بڵندی، بەرزایی)یە | ئەرمەنی |
| SAR, SER | کوردی |

(کورەشی سەفەوی) ڕای وایە کە مۆڕفیمی (سر) لەم وشە فارسیانەدا: سرپاسبان (گروهبان) واتە (ئەفسەری سەف، یا سرییە)، سرحد (سنووری هەموو شتێك، یا کەنار)، سرشیر (سەرتوێژ، یا قەیماغ) دەشێت بە مۆڕفێمی فەرهەنگی فرەواتایی، دابنرێت.[٣٦]

زمانەوانان لەو سەرچاوانەدا کە بەسەرمان کردنەوە، جگەلە (ئابایڤ) کە لەسەر ئاستی لێکسیکۆلۆژیو گراماتیك لە وشەی (سەر)و (سار) کۆڵیوەتەوە، ئەوانیتر لەسەر ئاستی لێکسیکۆلۆژیو تەنیا لە چوارچێوەی ئەو زانستەدا، دەستیان بۆ بردوون. لەو کارانەدا (سر)و (سار) بە دوو ڤەریانتی ناوی ئەندامێکی لەش، دانراون و کۆنترین فۆڕمیشیان، نیشان، دراون.

لەپاڵ ئەمەدا، ئاماژەیان بەوەش کردووە کە (سر)و (سار) دەربڕی واتای (شوێن)و (تەرەف)و (لا)و (ئاڕاستە)شن، بەڵام هەندێکیان، وەك (پورداوود)، (سر)و (سار) گەیەندەرانی واتای شوێنیشی هەر بە (سر)و (سار)ی بەشێك لە لەشەوە بەستونەتەوە، هەرچی (ئابایڤ)ە، ئەم واتایانە بە بەشێك لەلەشەوە، گرێ نادات، بەڵکو بەمەزەندەی خۆی دەیانباتەوە سەر فۆڕمی لێکسمێکی ئێرانی کۆن. لەناو ئەو سەرچاوانەدا، تەنیا (کورەشی سەفەوی) پەنچە بۆ بوونی فرەواتایی (سر)،

35– دکتر اریان پورکاشانی، ص٣٥٣، ٣٥٤.

36– کورش صفوی، در امدی بر معنی شناسی، چاپ سوم، تهران، ١٣٨٧، ص١١٢.

ڕادەکێشێت، بەڵام ئەمیش بەلاڕێی و زۆر بەساکاریی، بێئەوەی سەرەکیترین و یەکەمین فۆڕمی وشە فرەواتاێکەو ڤەریانتەکانی، دیاری بکات.

## سێیەم بەش

## ٣-١: یەکلایی کردنەوەی ئێتمۆلۆژی (سەر) وبەرهەمەکانی لەفەرهەنگی کوردیدا

ئەمڕۆ لە دیالێکتی خوارووا، تەنیا فۆڕم دانەی بەکارو ئەکتیڤ و بەبەرهەمی لێکسیکۆلۆژی و گراماتیکە. لەتەك ئەمدا، چەند ڤەریانتێکی لە چوارچێوەی هەندێ وشەی کۆنەساڵی لێکدراودا، بەقەتیسماوی، یا بەچەق بەستوویی لە فەرهەنگدا، ماونەتەوە کە ئەمانەن:

سار: (کێوسار، یا کۆسار، ڕوخسار، خاکسار، یا خاکەسار، سەنگەسار، سەگسار، لاسارو.........)

سیر: (سەرسیر < سەردسیر < ساردسیر)

سێر: (گەرمەسێر)[٣٧]

سە: (سەگرمە)[٣٨]

بەمەبەستی تەواو گەیشتن بە ئێتمۆلۆژی (سەر)، بە پەسەندمان زانیوە لەڕێگای خستنە بەرچاوی بەرهەمەکانی (سەر) خۆشێوەکە بەپێی تایبەتێتی وردەکاریی واتایان لە دەربڕینی واتای چەمکی (شوێن)دا بەسەر (٤) چوار گروپدا، دابەشمان کردوون و بەو نەخشەیەی خوارەوە ڕونمان کردۆتەوە، بەو ئامانجە بگەین:




ئێستاش بۆ خستنەڕووی تایبەتێتی واتاو پێزو ستراکچەری بەرهەمەکانی هەر یەکێك لەو چوار گروپە بە تەنیا تەنیا، لێیان وردەبینەوە.

---

37- (سەرسیر)و (گەرمەسیر) لە کوردیدا، ئەمانە لە فارسیدا بەرامبەریانن: (سردسیر)، واتە (جێیەك کە زۆر سارد بێت)، (گەرمسیر)، واتە (جێیەك کە زۆر گەرم بێت)، بڕوانە: سید محمد صمصامی، پیشوندهای و پسوندهای زبان فارسی، اصفهان، ١٣٨٤، ص ٣٢٩.

38- فۆڕمی (سە sə) لە کوردیدا، ئەمڕۆ جگەلە وشەی (سەگرمە) لەجێی تردا، بەرچاو ناکەوێت لەتاڵیشیدا، (سە) فۆڕمی سەرەکییەو بەرامبەر (سەر)ی کوردییە، بڕوانە: ل.ا. پیرێیکۆ، فەرهەنگی (تاڵیشی - ڕووسی)، مۆسکۆ، ١٩٧٦، ل ٢٧٦.

## گرووپی A

ئەمانە دەگرێتە خۆی کە شوێنێك، یا جێیەکی تایبەتیان ناونابێت، یا لە شوێنێك نرابێت کە پڕبووبێت لەشتێکی سەرنجڕاکێش کە لەدوایدا، هەربەناوی ئەو شتەوە ناونرابن، ئەمانە دەکرێن بە(٢)دوو بەشەوە:

١- أ: ئەوانەی لە لێکسیکۆلۆژیدا بە (تۆپۆنێم، یا ناوی گیۆگرافی) ناودەبرێن‌و بەپێی یاسای (ناو+ناو) سازکراون، بۆ نموونە: لەسلێمانی: سەرچنار، سەرکارێز، سەرشەقام، سەرچیمەن (قاوەخانەی سەرچیمەن)، لە شارەزوور: {(سەراو) مەبەست لە (سەراوی سوبحاناغایە)، لە پێنجوێن: سەربرالە، سەرسوراو، سەرەدەر، لە شارباژێڕو پیرەمەگرون: سەرکان، سەرخوار، سەرسیر، سەراو، سەرگەڵوو، لەڕانیە: سەرکەپکان، لەکەلار: سەرقەڵا، سەرشاتە، لەدهۆك: سەرسەنگ (هەر بەم واتایە، بەڵام بەپاش خستنی (سەر)و بەیارمەتی کۆنجێکشنی (-ە-) ناو لە (سەنگەسەر)ی قەڵادزێ، نراوە). تیاشیاندایە کە بە پێی یاسای {ناو + (-و-)+ ناو} سازێنراوە، وەك: سەروچاوەك > سەروچاوە.

ب- ئەمانە، ناوی شوێنن، وەك: سەرقەبران، سەرتەنوور، سەرچاوە، سەرشار(لەیاریدا)، سەرانگوێلك/سەرانوێلك‌و.......

٢- ئەمانە بە ستراکچەر فرێزی ئیزافەی چەسپاون کە بە دانەی فەرهەنگیی دادەنرێن. ناو لەبەرزترین‌و بڵندترین شوێن‌و ئاست‌و لووتکەی شاخ‌و کێو، دەنێن، واتە ئاماژە بە بەرزاێکانیان، دەکەن، وەك: سەری گڵەزەردە، سەری ئەزمەڕ، سەری گۆیژە، سەری پیرەمەگرون، سەری دابان، سەری هەلاج، سەری کەلەشێرە، سەری تاسڵوجە، سەری بانی مەقان (<موغان)، سەری حەمرێن، سەری ماکۆك، سەری هەیبەت سوڵتان، سەری ڕەش، سەری سەفین، سەری حەسەن بەگ، سەری قەندیل‌و..... .

## گرووپی B

ئەمانە لە ستراکچەردا بەزۆری بە یاسای: (ناو+ناو) دروست کراون‌و واتای بەرزو بڵندی پلەو پایەو کارو پیشەو شوێنی کەس لە کۆمەڵ، یا شتێك لەناو شتێکی تردا، دەگەیەنن، وەك: سەرکۆمار، سەرخێڵ، سەرمەڵا، سەردەستە، سەرپەل، سەرلق، سەرتیپ، سەردار، سەروەستا، سەرکار، سەرنووسەر، سەرمایە، سەرگوڵ، سەرکۆزەرو.... وشەی (سەرۆك) کە وشەیەکی داڕێژراوەو (سەرکردە)ش کە بەپێی یاسای (ناو + پاستپارتیسپل) سازێنراون، دیسانەوە دەچنە ناو ئەم گرووپەوە.

## گرووپی C

ئەم گرووپە، واتای: (تەرەف، لا، جیهەت، قەراخ، کەنار)ی شوێنێك لە شتێك، یا بەشێك لێی کە بەزۆری ژووروو، یا بڵندی ئەو شوێن‌و شتانە دەگرن، دەردەبڕن. ئێمە بەباشمان زانیوە بەم شێوەیە، وردیان بکەینەوە:

أ- لێرەدا (سەر) بەو واتایانە بە سەربەخۆیی بەکاردێت، بۆ نموونە:

لەم ڕستەیەدا: ئەم سەرو ئەو سەری گوریسەکە داکوتە.

لەم شیعرانەدا: بنوێنە بـــــــرۆ، یـــــەعنی هیلالی سەری ماهت.

چون وەعدەیی ماچی سەری کوڵمت سەری مـانگە (نالی: ٤٦٥)

زولفت وەکو مارو سەری زولفت چزی عەقرەب

پەرچەم وەکو ساڵداتی عروسن بە مورەتەب (قانع: ٧٥)

لەم ناوی ڕووداوانەدا: سەرگرتن، سەرکەوتن، سەرخستن‌و......

ب- وەك لێکسیمێك لە بناغەی ئەم وشە داڕێژراوانەدا بەشدارە:

سەر + (–ووك) > سەرووك > سەروو

سەر + (–ەك) > سەرەك > سەرە {واتای (سەرە) بەستراوەتەوە بەواتای ئەم شوێنەی کە سەرەی تیادا دەگیرێت}

پ- لێکسیمی (سەر) لەم ناوە لێکدراوانەدا، جێی دەرخراوی گرتووەو بەپێی یاسای (ناو+ناو) پێکهێنراون: سەرپەڕ، سەربان، سەردەم، سەرچۆپی، سەردەست، سەرزەمین، سەرچڵ، سەرگوزەشتە//سەرگورشتەو......

وەك لەم شیعرەدا: ئیـــــتر ڕێگای دارســــــتان‌و ناوڕان دێبەر

بوو بە شانۆی سەرگورشتەی دڵدارو دڵبەر (گۆران: ٥٨)

ت- (سەر) لەم ناوە لێکدراوانەشدا، جێی دەرخراوی گرتووەو بە پێی یاسای {ناو + (–ە–)+ ناو} سازێنراون، وەك: سەرەداو، سەرەگوریس، سەرەمقەست، سەرەمەرگ، سەرەتیر، سەرەقەڵەم، سەرەداس، سەرەتەور، سەرەڕێ‌و......:

ئێواران پۆل پۆل لاوی کاکۆڵ لـــوول

سەرەڕێ ئەگرن، سەرگەرم‌و عەجوول (گۆران: ١٣٣)

ج- لێرەدا، (سەر) بەشداری دروستکردنی ناوی لێکدراو، دەکات کە بە پێی یاسای: (ناو+ناو)و {ناو+(–ە–)+ناو} سازێنراون‌و ناو لەو کەرسانە، دەنێت کە بەگشتی لای ژووروو، یا بەرزی کەرەسە یەکتر، دەگرن، یا دەپۆشن، وەك:

سەرقاپ، سەرپەنجەرە، سەردیوار، سەرمێز، سەردۆشەك، سەرنوێن‌و......، سەرەمەنجەڵ، سەرەقابلەمە، سەرەقۆری، سەرەکتری، سەرەبوتڵ، سەرەقوتوو، سەرەبەلوعە، سەرەبورغو، سەرەبیر، سەرەمەنهۆڵ‌و........

چ- لێرەدا (سەر) بە پێی یاسای {ناو + (–بە–)+ ناو} ئاوڵناو ئاسای لێکدراو دروست دەکات، ئەم وشەیە دەخرێتە پاڵ کەسێك، یا شتێك کە تەرەفێ، یا لایەك بێت لە (دەوڵەت، میللەت، حکومەت،و دەزگاکانی، قەوم‌و خێڵ‌و تیرەو عەشیرەت، کۆمەڵ، حیزب، دەستە، کەسی دەست ڕۆیشتوو، شار، ناوچەو.....)، واتە پێیانەوە پابەندبێت، وەك: سەربەدەوڵەت، سەربەحکومەت، سەربەخۆ، سەربەسوپا، سەربەئەمن، سەربەئێران، سەربەئەمریکا، سەربەتورك، سەربەڕووس، سەربەئینگلیز، سەربەئەڵمان، سەربەهەمەوەند، سەربەجاف، سەربەمەلیك، سەربەئاغا، سەربەشێخ، سەربەقوتابخانەی نالی، سەربەپارتی، سەربە یەکیەتی، سەربە گۆڕان، سەربە یەکگرتوو، سەربە کۆمەڵ، سەربە بزوتنەوە، سەربە سۆشیالیست، سەربە کاژك، سەربە ئیخوان، سەربە کەرکوك‌و......

## گرووپی D

وشەی (سەر) لەم گرووپەشدا، دیسانەوە گەیەندەری واتای (شوێن)ە، لەناو شوێنیشدا، (تەرەف)و (لا) دەگەیەنێت‌و لە (تەرەف)و (لا)شدا، (تەرەف)و (لا)یەکی (لەش)، یا (جەستە)، یا (بەدەن)ی گیانلەبەرانە. لەمانیشدا، ئەو ئەندامەی کە بەم ناوی لێ نراوە، کەوتۆتە شوێنێکی بڵندو باڵاو ژووروو لە لەشی مرۆڤداو بڵندو پێشەوە لە گیانلەبەرانی تردا. لە فەرهەنگی زمانە ئێرانییە کۆن‌و ناوەڕاست‌و نوێکاندا بەگشتی ناو لەم ئەندامەی لەشی گیانلەبەر بە وشەی (کەللە)ش، نراوە، بەڵام لە کێشمەکێش‌و خەباتی نێوان (کەللە)و (سەر)دا وشەی (کەللە) گۆشەگیرکراوە.

(سەر) وەك ناوی ئەندامێکی (لەش) لەبەرهەم هێنانی وشەی نوێدا، زۆر بەپێزو چالاکەو لەسەر بناغەی ئەم لێکسیمە ژمارەیەکی بەرچاو لە وشە، سازکراون کە دەتوانرێت بە پێی کەتیگۆری‌و ستراکچەر، بکرێن بە ناو و ئاوڵناو، یا ئاوڵناو ئاسا، بەو دیاگرامەیە، هەندێکیان نیشان دەدەین:




لەم شیعرەدا بە سەربەخۆیی بە واتای ئەندامی (لەش) بەکارهێنراوە:

لای (قەرەتۆغان) ســـەرم هەڵبڕی

ئاڵتوونی زەردی لووتکەکانم دی (گۆران: ١٣٧)

لەم شیعرانەشدا لە چوارچێوەی وشەی لێکدراودا بەدی دەکرێت:

ماچی دەمەکەی دامێ کە دامێ سەروماڵم

بنواڕە، چ سەیادە، چ جەلادە بـــە حاڵم (نالی: ٢٨٦)

هەموو جل گۆڕیو، سەروڕیش تاشیو

لەئەسپ درابوو ڕەختو ڕەشوەی زیو (گۆران: ١٤٧)

(ئاوڵناو)

(لێکدراوی بێ کۆنجێکشن) — (لێکدراوی بەکۆنجێکشن)

| (سەر+ ئاوڵناو) | {ناو+ (–بە–)+ سەر} | {سەر+(–بە–)+ ناو} |
|---|---|---|
| سەربەرز | جامانەبە سەر | سەربەگۆبەند |
| سەربڵند | مشکی بەسەر | سەربەڕزق |
| سەرشۆڕ | مێزەربەسەر | سەربەقوڕ |
| سەرکز | سدارەبە سەر | سەربەگێچەڵ |
| سەرزل | کڵاوبەسەر | |
| سەرخڕ | شەبقەبەسەر | |
| سەرخۆش | تەپلەبەسەر | |
| سەرگەرم | کلێتەبەسەر | |
| سەرمەست | قوڕبەسەر | |
| سەرلەرزۆك | | |
| سەرسەخت | | |
| سەرئاسنین | | |

لەم ئاوڵناوە لێکدراوەدا، وشەی (سەر) وەك ئەندامی (لەش) لەم شیعرەدا بەرچاودەکەوێت:

ئەی گیا سەوزەکەی دڵ فەرەحـــاوی

وەك تۆ سەرگەرمی سەودای هەتاوی (گۆران: ١٦٨)

لە هەموو زمانێکدا، وشە لە ڕووی واتاوە، (٢) دوو گرووپی لێ جودا دەکرێتەوە:

١- ئەوانەی کە تەنیا یەك واتایان گرتۆتەخۆیان.

٢- ئەوانەی کە لە واتایەك، پتریان لێ بارکراوە.

تواناو لێهاتوویی وشە لەنەش‌ونماکردنی ئەو واتایەی خراوەتە پاڵی‌و پارێزگاری کردن لێی‌و بەکارهێنانی لە ئێستادا لەتەك واتا سەرەکێکەیدا، پێی دەوترێت: فرەواتایی، یا پۆلۆسیما.

فرەواتایی لەئەنجامی پرۆسەی گواستنەوەی واتا لە شتێکەوە بۆ شتێکی تر سەرهەڵئەدات‌و گەشەدەسێنێت. نیشانەو تایبەتێتی گرنگیی وشەی فرەواتا لەوەدایە کە لە ڤەریانتەکانیدا، (واتا) یەك وەزنی نییە، بەڵکو لەناویاندا، سەرەکی‌و یەکەم هەیە کە دووەمی لێ دروست بووە. جیاوازی گەورە لە نێوان سەرەکی‌و یەکەم بە بەراوردکردن لەگەڵ دووەم‌و هی تردا لەوەدایە کە لەڕووی سیمانتیکەوە، یەکەم (لێڵ)ە، بەڵام ئەوانیتر (ڕوون)ن، بۆنموونە: وشەی (تیژ) تایبەتێتیەکی ئالەتێکی وەك کێرد، یا چەقۆیە کە پێچەوانەکەی (کول)ە. لێرەدا (تیژ) لەڕووی واتاوە (لێڵ)ە، بەڵام لە (خواردنی تیژ، لووتی تیژ، بیری تیژ، ئازاری تیژ)دا، (ڕون)ە، لە (ڕۆیشتن)دا، ئێمە نازانین کە پرۆسەی جوڵەکردنی مرۆڤ بۆچی بەو وشەیە ناونراوە، کەواتە لە ڕووی واتاوە (لێڵ)ە، بەڵام (ڕۆیشتن) لە: ڕۆیشتن بەرەو شەڕ، کات دەڕوات)دا، (ڕۆن)ە.[٣٩]

پشت بەستن بەو تایبەتێتانەی کە لە فرەواتایدا، هەیە، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە وشەی (سەر) لەو (٤) چوار (A, B, C, D) گروپەدا، کە بەگشتی واتای (شوێن)، یا (بەرزایی) کە دیسانەوە شوێنە، (تەرەف‌ولایەك لە شوێن) دەبەخشن، لەڕووی سیمانتیکەوە (لێڵ)ن، بەڵام واتای وشەی (سەر) لە گروپی (D)دا، گواستنەوەی واتایە لە شوێنەوە بەگشتی بۆ شوێن‌و تەرەفێکی تایبەتی کە ئەندامێکی (لەش)ەو بەشی بڵندو ژووروو، یا پێشەوە، بگرێت، (سەر) لێرەدا واتاکەی (ڕوون)ە.

ئێستا بەدڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین: واتای سەرەکی‌و یەکەمی (سەر) (شوێن)ە، بەڵام دووەمیان کە لە ئەنجامی فرەوتایدا، هاتۆتە کایەوەو ناوی ئەو ئەندامەی لەشی ناوە لەڕووی سیمانتیکەوە (ڕوون)ە.

وەك پێشتر زانیمان کە (سر)و (سار)ی فارسی لەلایەن (ئابایڤ)ەوە لەگەڵ (-sarah- ,sāra) ئێرانی کۆن کە واتای ئەندامێکی لەش (سەر)ی گەیاندووە لەیەك دراون، ڕاشی وابوو کە بۆ (شوێن‌و تەرەف‌و لا) دەبێت بیر لە فۆڕمێکی تر بکرێتەوە بۆئەوەی ببرێنەوە سەری‌و بەمەزەندەی ئەویش، ئەو فۆڕمە دەبێت {* sār(a)-} بووبێت.

(پورداوود)یش، دیسانەوە (سر)و (سار)ی بە ئەسڵ بردۆتەوە سەر (sara ,sāra)ی فارسی کۆن‌و ئاوێستا کە واتای (سەر) ئەندامی لەشی گەیاندووە.

بەتێهەڵکێش کردنی تێکڕای ئەو بیروبۆچوونانەی کە دەربارەی ئێتمۆلۆژی ڤەریانتە هاوڕەگەزەکانی (سەر) کوردی لە زمانە هندوئەوروپایێکاندا، وەك لەم باسەدا، نیشاندران‌و بەستنەوەی بە جەوهەری بەرهەمەکانی (سەر) ئەمڕۆ لە فەرهەنگی کوردیداو بەشیتەڵکردنەوەی واتاکانیان، دەربارەی ئێتمۆلۆژی (سەر)، دەتوانین بڵێین:

---

[39] – ل. ئی. بەرانیکۆڤا، سەرەتایەك لەزمانەوانی، سەرات، ١٩٧٣، ل١١١– ١١٥.

١- وشەی (سەر)و (سار)ی کوردیش، هەرچەندە ئەمڕۆ لە کوردیدا، بەگشتی دەتوانرێت بوترێت کە (سار) بە قەتیسماوی لەکارکەوتووەو (سەر) فۆڕمی ئەکتیڤو فرەبەرهەمی فەرهەنگە، ئەمانیش بەبۆچوونی ئێمە بە دوو فۆڕمی گۆڕاوی (-sarah- ,sāra)ی ئاوێستا دادەنرێن.

٢- ئێمە ڕای (ئابایڤ) بۆ بردنەوەی ئەسڵی (سر)و (سار) کاتێك واتای (شوێنو تەرەف) دەبەخشن بۆ فۆڕمێکی مەزەندەکراوی کۆن بە دروست نازانین لە ڕاستیشدا فۆڕمی ( -sarah -sāra,)ی ئاوێستای کە ئەو (سر)و (سار)ی وەك ئەندامی لەش بردۆتەوە سەریان لەبنەڕەتدا فۆڕمی (سر)و (سار)ن کاتێك کە واتای (شوێنو تەرەف) دەبەخشن، (شوێنو تەرەف) واتای سەرەکیو یەکەمی ئەو دوو فۆڕمە ئاوێستاییەو دووەمیشیان کە واتای بەشێك لە ئەندامی لەش دەگەیەنن ڤەریانتێکی فرەواتایی ئەو دوو فۆڕمەیە.

٣- وشەی (سەر) ئەمڕۆ لەکوردیدا واتای سەرەکیو یەکەمی (شوێنو تەرەف)ە، واتای دووەمی کە بەشێکە لە (لەش) لە ئەنجامی فرەواتایی یەکەم هاتۆتەکایەوە. لە لێکسیکۆلۆژیدا هەردووکیان وەك دوو لێکسیم، بوون بە بناغە بۆ سازکردنی گەلێك وشەی نوێ.

٤- زۆر گرنگە ئاماژە بۆ ئەو ڕاستییە بکرێت کە ئەو (سەر)انەی لە سینتاکسدا بەکاردێن (بڕوانە سێیەم بەش) تەنیا لەسەر بناغەی واتای سەرەکیو یەکەمی (سەر) کە (شوێنو تەرەف)ە بەگراماتیکبوون، ئەمەش، خۆی لەخۆیدا بەڵگەیەکی بەهێزە بۆ دانان بەو ڕاستیەدا کە واتای سەرەکیو یەکەمی (سەر) (شوێنو تەرەف) بووە. بە دووەم واتاو لەئەنجامی فرەواتایی یەکەمدا (سەر)ی ناولێنەری ئەندامی لەشی لێ کەوتۆتەوە کە لە سینتاکسدا لەسەر بناغەی ئەم واتایە بە گراماتیك نەبووە.

هەموو گۆڕانێك کە بەسەر عەقڵو هۆشو بیردا، دێت لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتێکاندا، ڕەنگ دەداتەوەو لە فەرهەنگی زمانیشدا، خۆی دەبینێتەوە. یەکێك لە فیڵدە واتاییە هەرە کۆنو پێویستەکان کە بەکۆڵەکەیەکی فەرهەنگی بنەڕەتی زمان، دابنرێت، (ناوی ئەندامانی لەش)ە. بەگشتی ئەم ناوانە بەتەمەنو کۆنەساڵو خۆڕاگرو خاوەن ڕەگو ڕیشەیەکی قووڵی بنج داکوتاون کە بەئاسانی دەلاقەیان تێناکرێتو زۆر بەگرانیش، جێیان پێ لەق دەکرێت.

بەبۆچوونی ئێمە شان بەشانی هەڵکشانو بەرزبوونەوەو زیادبوونی نرخو بەهاو فراوانبوونی سنووری چەمکی (شوێن) لە هۆشو بیرداو کاریگەرییان لە گۆڕینو گەشەسەندنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتێکاندا لە مێشکدا، گەلاڵەی پرۆسەی ناونانێکی نوێ بۆ ئەو ئەندامەی (لەش) کە پێشتر بە (کەللە) ناوی لێنرابوو، کراوە. وەك زانیشمان، ئەو ئەرکەش، بە ڤەریانتێکی فرەواتایی وشەی (سەر) سپێراوە.

دەست بەرداریی (کەللە)و ناونانی ئەو ئەندامەی (لەش)، ئەمجارە ڕاستەوخۆ لەسەر بناغەی چەمکی (شوێن)، نیشانەی دەست پێکردنی سەردەمێکی نوێیە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتێکانی ئەو میللەتانەداو گەورەییو گرنگی ئەو چەمکە لای خەڵکیو بایەخ پێدانی نیشان، دەدەن، کەواتە هەر ئەم فاکتەرە بەهێزە بووە، توانیوێتی وا لە وشەی (سەر) بکات بە دووەم واتاوە دەلاقە بخاتە ناوی فیڵدە واتای ئەندامانی لەشو تەنگ بە (کەللە) هەڵبچنێتو گۆشەبەندی بکات.

## ٣-٢: وشەی (سەر)ی بەگراماتیکبوو و جۆری ئەرکبینینی لە سینتاکسدا.

پەڕینەوەی وشە لەدانەیەکی فەرهەنگی کۆنکرێتەوە بۆ مۆرفیمی ئەبستراکتی ئەرکبین، واتە (grammaticalization) دیاردەیەکە کە سروشتە هەمەچەشنەکانی گەشەسەندنی زمانی تیادا بەدی دەکرێت.[٤٠]

لەم پرۆسەیەدا، وشە لە لێکسیکێکی تاکی فەرهەنگییەوە بۆ مۆرفیمێکی گشتی ئەبستراکتیی ئەرکبین لە سینتاکسدا، دەگۆڕێت.

جۆرێك لەو گۆڕانە، پەڕینەوەی وشەی فەرهەنگییە بۆ پریپۆزشن. (بوداگۆڤ) چەند پریپۆزشنێکی لە هەندێ زمانی جیاوازدا بەنموونە هێناوەتەوە کە لە وشەی سەربەخۆوە داکەوتوون، بە پەسەندمان زانی بەم نەخشەیە، بیان خەینە بەرچاو:

| زمان | وشەی سەربەخۆو واتاکەی | پریپۆزشنو واتاکەی |
|---|---|---|
| ڕووسی | (pod): خوار، بنی تەنووری ڕووسی<br>(okələ): لە زمانی ڕووسی کۆندا، واتای (چەرخ، بازنە)ی بەخشیوە.<br>(bləgədarit): سوپاس کردن | (pod): خوار<br>(okələ): نزیك<br>(bləgədarit): بەهۆی |
| فەڕەنسی | (casa) ئەم وشەیە لە بنجدا لاتینی بووەو واتای (ماڵ)ی بەخشیوە. | (chez): لەلا |
| ئەڵەمانی | (Trotz): لاساری، عینادی | (trotz): لەگەڵ ئەوەدا [٤١] |

(ئابایێف)یش، پۆستپۆزیشنی{(-sār(-sŕ} سۆگدیو (-sa)ی واخۆنیو (-sar)ی خوارزمیو(-sara)ی ئەفغانی کە واتای (ئاڕاستەکردن) دەبەخشن بەلێکدانەوەی خۆی بردۆتەوە سەر ڕەگی ئێرانی مەزەندەکراو {-sār(a)- *} کە لای (ئابایێف) دەبێت، واتای (تەرەف، یا لا، یا ئاڕاستە)ی گەیاندبێت.[٤٢]

لە زمانەوانی کوردیدا، واتای لێکسیکی (سەر) بەگشتی یەکەمجار بە (ئەندامی لەش)و دواتر بە (شوێن)، یا (بەرزی) لێکدراوەتەوەو هەر بەم بیرکردنەوەیەش، ڕوانیویانەتە واتای پریپۆزشنی (سەر)[٤٣]. لە ڕاستیدا، هەروەك پێشتر سەلماندمان، یەکەم واتای (سەر) (شوێن)ەو دووەمیان کە لە

40– ڕ. ا. بوداگۆڤ، سەرەتایەك لە زانست دەربارەی زمان، مۆسکۆ، ١٩٥٨، ل٢٠٤.

41– ڕ. ا. بوداگۆڤ، ل٢٠٥.

42– ڤ. ئی. ئابایێف، ل١٢٨.

43– ج– ك. ر. ئەیوبیو ئی. أ. سمیرنۆڤا، دیالێکتی کوردی موکری، ل٥٧– ٦٤، چ. خ. باکایێف زمانی کوردی سۆڤێت، مۆسکۆ، ١٩٧٣، ل٢١٩-٢٢٦، ك. ك. کوردۆیێف گراماتیکی کوردی (بەکەرەستەی دیالێکتی سەروو و خواروو،) مۆسکۆ، ١٩٧٨، ل٢٤٨-٢٥٢.

**ئەنجامی فرەواتایی یەکەمەوە هاتۆتە ئاراوە (ئەندامی لەش)ە. وەك دەرکەوتووە، زمانەوانانی کورد لە شیکردنەوەی واتای فەرهەنگیی (سەر)دا، ئامانجیان وەك پێویست نەپێکاوە، ئەمە لەلایەك لە لایەکی ترەوە، جیاوازییان نەخستۆتە نێوان لێکسیکی (سەر)و مۆرفێمی (سەر)ی بەگراماتیکبووی ئەبستراکتیی، واتە ئاماژەیان بە پرۆسەی پەرینەوەی (سەر)ی فەرهەنگیی بۆ (سەر)ی ئەبستراکتیی سینتاکسیی نەکردوەو سروشتو جەوهەرو تایبەتێتی کەرەسەی دوو ئاستی جیاوازی زمان کە لێکسیکۆلۆژیو سینتاکسە، لەیەکتر جیانەکردۆتەوە.**

**بەکورتی بەلای پەرینەوەی لێکسیکی (سەر)و بەگراماتیکبوونیدا، نەچوونو هەر بەچاوی لێکدانەوەی واتای فەرهەنگی (سەر) کە بەو شێوە نادروستەش، بووە، دەستیان بۆ شیکردنەوەی واتای پریپۆزشنی (سەر)یش، بردووە.**

**جێگای سەرنجدانە کە لە لێکسیکۆلۆژیدا، وەك زانیمان، فۆرمی بەبەرهەمو ئەکتیڤی (سەر)ەو هەر بەمیش بەگراماتیکبووە، هەرچی فۆرمی (سار)یشە بە قەتیسماوی ماوەتەوەو بەگراماتیك نەبووە. پریپۆزیشنی (سەر) کە بەگراماتیکبووی (سەر)ە بەتەنیا کەم بەکاردێت.[٤٤] بەڵام بەیەکگرتنی لەتەك پریپۆزیشنە ئاسانو کۆنترەکان لەخۆی، پریپۆزشنی لێکدراوی وەك: (لەسەر، بەسەر، دەسەر<ەسەر)ی سازکردووە، ئەمانیش بەتەنیا، یا بەبەشداری پۆستپۆزیشنەکانی (–دا، –ەوە، –ڕا) ئەرکە سینتاکسێکانیان، دەبینن. بەو نموونانەی خوارەوە کە لە شێوەی ڕستەو ئیدیۆمو شیعردان، دەیان خەینە بەرچاو:**

**(سەر) بە تەنیا: ژنەکە چووە سەر کانی (موکری:٦١)[٤٥]**

**(لەسەر):**

**مناڵەکە لەسەر جێی خۆی نووستووە.**

**لەسەر بەردی ڕەق خۆی دەژێنێت**

**ئاسمان بە ئاونگ، بەیان بەشەماڵ**

**خەو ئەشۆنەوە لەسەر گۆنای ئاڵ. (ع. ع. شەونم: ٧٩)**

**(لەسەر.......ەوە):**

**یاریکەرەکان لەسەر شاخەکەوە هاتنە خوارێ.**

**(لەسەر......ڕا):**

**پیاوێك لەسەر بانی ڕا کەوتەخوارەوە. (موکری: ٦٢)**

**(بەسەر):**

**بەسەر سەرچاوەی کزرا، بەسەر زیخی چەمی دێما**

**بەسەر هەر وشکی یێـــکا وا هاوینی گەرما جێما (گۆران: ١٦٥)**

**(بەسەر.....دا):**

---

[44]– ك. ك. کوردۆیێڤ گراماتیکی کوردی، ل٢٥٣.

[45]– ئەو نموونانەی کە (موکری)یان لە ژێردا، دەنووسین لە کتێبی: (ك. ر. ئەیوبیو ئی. أ. سمیرنۆڤا، دیالێکتی کوردی موکری) وەرمان گرتووە.

لاولاو بەسەر دیوارەکەدا هەڵزنیوە.

ئێمە بەسەر شاخەدا سەرکەوتین.

(بەسەر.....ەوە):

ژنەکە بەسەر منداڵەوە ڕۆیشت

ئەڵێی بەسەر دڕکەوەیت!

(دەسەر > ەسەر):

داڵەکە نیشتەسەر کەرۆیشکەکە.

ڕەوغەنی دیدەم ڕژایــــــــــەسەر کیتابی خەتی خۆم

چاوم لە ئێشی ئەو سپی، نوریش بەسەر ئەودا سەقەت (نالی: ٢٤٤)

وشەی (سەر) لە تێکڕای ئەو پرپیۆزشنانەدا، دەربڕی چەمکی (شوێن)ەو لە شوێنیشدا گەیەندەری واتای (تەرەف و لا)نو بەهیچ لۆگیکێك واتاکانیان بە (سەر)ی ئەندامی لەشەوە، نابەسترێتەوە، واتە سەر بەپێی واتای سەرەکی و یەکەمی (سەر) کە (شوێن)ە بەگراماتیکبووە، نەك بەگوێرەی دووەم واتای کە (سەر)ی ئەندامی (لەش)ە.

## ئەنجام

١- وشەی (سەر) لە زمانی کوردیو هاوڤەریانتەکانی لە زمانە ئێرانییە کۆنو نوێکاندا، داکەوتەی ڕەگو ڕیشەیەکی قووڵی هندۆئەوروپاینو بەوشەی هاوبەشی فەرهەنگی بنەڕەتی ئەو زمانانە دەژمێرێن.

٢- (سەر) لەڕەوتی مێژوویی جێگیرکردنو چەسپاندنو فراوانکردنی سنووری خۆیو پەلهاویشتنو گەشەسەندنی واتای لە فەرهەنگدا بەرەنگاری وشەیەکی بنچ داکوتاو و کۆنەساڵو پێشتر لەخۆی لە فەرهەنگی بنەڕەتیدا، بۆتەوە کە ئەویش وشەی (کەللە) بووەو لە ئەنجامدا، سڕو گۆشەگیری کردووە.

٣- لە ڕووی ئێتمۆلۆژییەوە (سەر) بە فۆڕمێکی گۆڕاوی (sarah, sāra)ی ئاوێستا، دادەنرێت کە لە بنەڕەتدا، دەربڕی چەمك و گەیەندەری واتای (شوێن) بووە کە یەکێکە لەو چەمك و واتا گرنگانەی کە هەمیشە جێیەکی تایبەتیان لەهۆش و بیری مرۆڤدا، داگیرکردووە.

٤- واتای سەرەکی و یەکەمی (سەر)، (شوێن) بووە، بەڵام لە ئەنجامی پرۆسەی فرەواتاییدا، دووەم واتای کە (ئەندامی لەش)ە، هاتۆتە ئاراوە.

٥- وشەی (سەر) بە یەکێك لە لێکسیمە هەرە بەپێزو بەبەرهەمەکان دادەنرێت کە بەردەوام لە سازکردنی وشەی نوێدا بەهانای فەرهەنگەوە، چووەو (سەر) دوای بەگراماتیکبوونیشی بەپێی یەکەم واتای کە (شوێن)ە وەك پرپیۆزشن زۆرتر بەبەشداری کردنی لەگەڵ پرپیۆزیشنە ئاسانو بنەڕەتێکانی ترداو کەمتر بەتەنیاش، چالاکانە لەسازکردنی فرێزە ئەدڤێربەڵەێکاندا لەکاردایە.

٦- تێکڕای ئەو ئەنجامانەی سەرەوە بەرهەمی ئەم لێکۆڵینەوە زانستییە کە بۆ یەکەمجارە لە

مێژووی زمانەوانی زمانە ئێرانێکاندا بەگشتیو لەزمانی کوردیدا بەتایبەتی کە سروشتو جەوهەرو ئێتمۆلۆژیو پێزو بەرهەمو ئەرکی سینتاکسی (سەر) بگرێتەوە، کراوەو پەردە لە هەموو ئەو لایەنە شاراوەو تەمومژاویانە لابراوە کە باڵیان بەسەر وشەی (سەر)دا، تا ئەمڕۆ کێشابوو.

## سەرچاوەکان:

**یەکەم: بەزمانی کوردی**


- ئەوڕەحمانی حاجی مارف، وشەی زمانی کوردی، بەغدا، ١٩٧٠.
- ئەورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم، (وشەسازی)، (ئاوڵکردار)، سلێمانی، ٢٠٠١.
- دیوانی گۆران، بەرگی یەکەم، بەغدا، ١٩٨٠.
- دیوانی نالی، کۆکردنەوەو لێکدانەوەی مەلا عبدالکریمی مدرس، بەغدا، ١٩٧٦.
- دیوانی قانع، چاپی شەشەم، تاران، ١٣٩٠.
- دیوانی ع.ع.شەونم، جریوەکان، سلێمانی، ٢٠١٢.
- سەعید صدقی کابان، مختصری نحو صرفی کوردی، بەغدا، ١٩٢٨.
- شیخ محەمەدی خاڵ، فەرهەنگی خاڵ، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠٠٥.
- عەبدولرەحمانی زەبیحی، قاموسی زمانی کوردی، بەرگی یەکەم، بەغدا، ١٩٧٧.
- عەبدولرەحمانی زەبیحی، قاموسی زمانی کوردی، بەرگی دووەم، بەغدا، ١٩٧٩.
- فاروق عومەر سدیق، لەدایکبوونی وشە، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١١.
- محەمەد مەعروف فەتاح، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، هەولێر، ٢٠١٠.
- لیژنەی زمانو زانستەکان، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، بەغدا، ١٩٧٦
- نوری عەلی ئەمین، ڕێزمانی کوردی، سلێمانی، ١٩٦٠
- هەژار، هەنبانەبۆرینە، چاپ چهارم، تهران، ١٣٨٤.


**دووەم: بەزمانی فارسی:**


- ابراهیم پورداود، هرمزنامه، تهران، ١٣٨٠
- جان ایتو، فرهنگ ریشەشناسی انگلیسی، ترجمه حمید کاشانیان، تهران، چاپ اول، ١٣٨٦.
- علی اکبر دهخدا، لغت نامه، چاپ دوم، ج١٢، تهران، ١٣٧٧
- سید محمد صمصامی، پیشوندهایو پسوندهای زبان فارسی، اصفهان، ١٣٨٤
- منوچهرایان پورکاشانی، ریشەهای هندواروپایی زبان فارسی، اصفهان، ١٣٨٣.
- کورش صفوی، در امدی بر معنی شناسی، چاپ سوم، تهران، ١٣٨٧.
- مصطفی پاشنگ، فرهنگی پارسی پاشنگ، ج٢، تهران، ١٣٨١

**سێیەم: بەزمانی ڕووسی:**

– أ. أ. ریفۆرمانتسکی، سەرەتایەك لە زمانەوانی، چاپی چوارەم، مۆسکۆ، ١٩٦٧.

– أ. أ. ریفۆرماتسکی، ستراکچەری مۆڕفۆلۆژی وشە لە پۆلە زمانی جیاوازدا، مۆسکۆ – لێنینگراد، ١٩٦٣.

– ئی. ئا. سمیرنۆڤا و ك.ر.ئەیوبی، دیالێکتی کوردی سنە، سانکت پیتربورگ، ٢٠٠١.

– ئی. ڤی. ئارنۆڵد، لیکسیکۆلۆژی ئەمڕۆی زمانی ئینگلیزی، مۆسکۆ، ١٩٥٩

– ئی. ڤ. پۆرنینا، دیراسەکردنی وشەی گران بە پێی شیکردنەوەی ئێتمۆلۆژی، مۆسکۆ، ١٩٦٤.

– ئۆ.س. ئەخمانۆڤا، فەرهەنگی زاراوە زمانەوانێکان، مۆسکۆ، ١٩٦٦.

– ئی. م. ئارانسکی، پاشکۆی کتێبی (زمانە ئێرانییەکان)، مۆسکۆ، ١٩٦٣.

– پ. ب. زودین، فەرهەنگی ئەفغانی – ڕووسی، مۆسکۆ، ١٩٥٠.

– ڕ. ا. بوداگۆڤ، سەرەتایەك لە زانست دەربارەی زمان، مۆسکۆ، ١٩٥٨

– ر. ل. تسەبۆلۆڤ، لێکۆڵینەوەیەك لە فۆنەتیکی مێژوویی زمانی کوردی، مۆسکۆ، ١٩٧٦.

– ز.ئا.یوسۆپۆڤا، دیالێکتی سلێمانی زمانی کوردی، مۆسکۆ، ١٩٨٥.

– چ. خ. باکایێڤ، فەرهەنگی کوردی – ڕووسی، مۆسکۆ، ١٩٥٧.

– چ.خ.باکایێڤ، زمانی کوردی سۆڤێت، مۆسکۆ، ١٩٧٣.

– ك. ر. ئەیووبی و ئی. ئا. سمیرنۆڤا، دیالێکتی کوردی موکری، لێنینگراد، ١٩٦٨.

– ك. ك. کوردۆێڤ، فەرهەنگی کوردی – ڕووسی، مۆسکۆ، ١٩٦٠.

– ك. ك. کوردۆێڤ گراماتیکی کوردی (بەکەرەستەی دیالێکتی سەروو و خواروو)، مۆسکۆ، ١٩٧٨.

– ڤ. ئی ئابایێڤ، تۆپۆنێمی ڕۆژهەڵات – لێکۆڵینەوەو کەرەستە، مۆسکۆ، ١٩٦٩.

– ل. ا. بوڵاخۆڤسکی، سەرەتایەك لەزمانەوانی، یەکەم بەش، مۆسکۆ، ١٩٥٣.

– ل. ا. پیریکۆ، فەرهەنگی تالیشی – ڕووسی، مۆسکۆ، ١٩٧٦

– ل. ئی. بەرانیکۆڤا، سەرەتایەك لەزمانەوانی، سەرات، ١٩٧٣.

– ن. م. شانسکی، ڤ. ڤ. ئیڤانۆڤ، ت. ڤ. شانسکەیا، فەرهەنگی کورتکراوەی ئێتمۆلۆژی زمانی ڕووسی، مۆسکۆ، ١٩٧٥.

**سێیەم: بەزمانی ئینگلیزی:**

Ernest N. McCarus, A KURDISH GRAMMAR, NewYork, 1958

**چوارەم: بەزمانی تورکی:**

- Serdar MUTÇ ALI, TÙRÇ E – ARAPÇ A SÖZLÙK, Istanbul, 2004

لەم باسەدا جگە لە ئێتمۆلۆژی وشەی (سەر) دەست بۆ ئێتمۆلۆژی چەند وشەی تر براوە، لەوانە:

| وشەی گشتی | | | تۆپۆنیم |
| --- | --- | --- | --- |
| پێز | سەرانگوێلك//سەرانوێلك | سەرپەنجەرە | سەرسیر |
| سیر | سەركۆمار | سەردیوار | سەگرمە |
| سێر | سەرخێڵ | سەرمێز | سەرچنار |
| سە | سەرمەلا | سەردۆشەك | سەركارێز |
| كەللە | سەردەستە | سەرنوێن | سەرشەقام |
| كاێن | سەرپەل | سەرەمەنجەڵ | سەرچیمەن |
| كۆرش | سەرلق | سەرەقابلەمە | سەربرالە |
| كۆرال | سەرتیپ | سەرەقۆری | سەرسوراو |
| كوپ | سەردار | سەرەكتری | سەردەرە |
| كوپە | سەروەستا | سەرەبوتڵ | سەركان |
| كەلەرم | سەركار | سەرەقتوو | سەرخوار |
| كەپیتاڵ | سەرنووسەر | سەرەبەلوعە | سەراو |
| كەلەشەكر | سەرمایە | سەرەبرغو | سەرگەڵوو |
| كوپەڵە | سەرگوڵ | سەرەبیر | سەركەپكان |
| كەلا | سەركۆزەر | سەرمەنهۆڵ | سەرقەلا |
| كلاو | سەركردە | سەرقاپ | سەرشاتە |
| كەلانە | سەروو | سەرشار | سەنگەسەر |
| كڵۆ | سەرۆك | سەرەڕێ | سەرسەنگ |
| ڤەریانت | سەرەداو | سەرتەنوور | سەروچاوە |
| ئەفسەر | سەرەگوریس | پریپۆزشن | |
| كۆسار | سەرەمقەست | سەر | |
| گەرمەسیر | سەرەمەرگ | لەسەر | |
| ڕوخسار | سەرەشیر | بەسەر | |
| سەنگەسار | سەرەقەڵەم | دەسەر> ەسەر | |
| سەگسار | سەرەداس | | |
| سەرقەبران | سەرەتەور | | |

## خلاصة البحث

### نتاج كلمة (سه ر) و عطاؤها في اللغة الكردية

تعد كلمة (سەر) من الكلمات العريقة الفعّالة في المعجم الأساس للغة الكردية.و هي إلى وقت كتابة هذا البحث ،لم تمسها أنامل الباحثين ببحث مستقل واسع وشامل يقدم لنا خصوصياتها السيمانتيكية والإتمولوجيةو النتاجية في المعجم ، ووظيفتها في التركيب النحوي.

و ما كتب عنها كان شيئا مثل ما كتب عن سائر الكلمات الأخرى للغة، وقد كتب برؤية اليوم ناقصا فجا جانبيا من طرف واحد بعيدا عن التفسير الإتمولوجي، و من ثم بقيت غامضة مبهمة في طبيعتها و جوهرها،فضلا عن خصوصياتها المعجمية و النحوية.

و قد حاولنا في هذا البحث أن نتوصل إلى تلك الحقائق اللغوية المخفية التي تكتنف كلمة (سەر) إلى الآن.و في نهاية المطاف نقول بتواضع إننا استطعنا أن نصيب ذلك الهدف ، ولأول مرة في تأريخ علم اللغة الايرانية عامة و علم اللغة الكردية خاصة حققنا الجوانب السيمانتيكية و الاتمولوجية و الانتاجية و التقعيدية لكلمة (سەر).

إن كلمة (سەر) في اللغة الكردية و فصائلها المتقابلة من اللغات الايرانية القديمة و الحديثة كلها جاءت أساساً من الجذور المتجذرة الغائرة للغات الهندو أوروبية.

فهذه الكلمة أساسا كانت المُعَبِّر و المُوصِل لمفهوم (المكان) ومعناه. فهذا المعنى هو المعنى الأول والرئيس، غير أنها اكتسبت نتيجة للتطور الدلالي المعنى الثاني الذي هو (سەر) أي الرأس، العضو الرئيس للجسد. أي أن معناه الأول كان(المكان)، وهي إلى الآن متداول بهذا المعنى. و الثاني كذلك مُوصِل لمعنى المكان أيضا وهي تفيد (الطرف والجانب)، أي طرف وجانب منالجسد،الذي هو (الرأس).

إن (سەر) كلمة مِعطاءة و منتجة ، لها دور ضخم وهائل في إثراء المعجم الكردي و توسيعه. و قد أسهم في توليد و صياغة مفردات غير قليلة على أساس المعنيين الأول والثاني و هي جارية على الألسن إلى يومنا.

و من التطورات المشهودة التي جرت على كلمة (سەر) هي تقعيدها بحسب المعنى الأول، و لها حضور في أداء الوظيفة النحوية كظرف في تركيب شبه الجملة الظرفية.

يتكون هذا البحث من مقدمة وتمهيد و ثلاثة أقسام تليها النتائج:

جاء في الفصل الأول بيان كيفية ذكر كلمة (سەر) في اللغة الكردية.

و في الفصل الثاني ورد عرض للمحاولات الجادة التي جرت بهدف الوصول إلى إتمولوجية كلمة (سەر)، و إتمولوجية كلمة (کەللە) و بيان جوانب استخدام كلمة (کەللە) في اللغة الكردية حالياً، تمهيداً للتوغل إلى سبر أغوار كلمة (سەر).

و في الفصل الثالث جرى الحديث عن حسم إتمولوجية (سەر) و نتاجاتها في المعجم الكردي، ثم الحديث عن تقعيد كلمة (سەر) و وظيفتها النحوية .

## ABSTRACT

## The Productivity of the Word “Sar” in Kurdish Language

The term ‘head’ is one of the old active terms of the basic Kurdish language lexicon. To date, an independent comprehensive and exhaustive work encompassing all the semantic and etymological properties, lexical productivity and syntactic functions, has been conducted. All that is done has been in isolation of the etymological aspects; hence its lexical and grammatical properties have been left vague and unsettled.

The aim of this study is to perceive the covert linguistic facts that surround the term ‘sar=head’. The result is an illumination of the term unprecedented in the history of Iranian linguistics in general and Kurdish linguistics in particular (from the semantic, etymological and grammatical perspectives).

Originally, the word ‘sar’ in Kurdish and its sister Iranian languages (both old and modern) has deep Indo-European roots. Its primary meaning was expressive of the concept of ‘place’. Yet, having gone through processes like polysemy, it has yielded a second sense, i.e., SAR which is a body organ. Thus, the first sense is ‘place’ and the second conveys the meaning of place, which is a place in the human body.

This word is a productive one in Kurdish and has played an enormously significant role in enriching the Kurdish lexicon as it contributes in creating many current words based on its first and second senses.

Among the marked changes that this word has witnessed is its grammaticalization in the first sense and its active syntactic role as a preposition in creating adverbials.

The study is made up of an introduction and three sections as well as the conclusions. The first section tackles the treatment of the word ‘sar=head’ in Kurdish while the second is an attempt to trace the etymology of the word ‘sar’ and ‘kalla’ , the current state of ‘kalla’ to pave the way for entering the etymology of ‘sar’. The third section, however, presents a resolution of the etymology of ‘sar’ and its productivity in Kurdish lexicon, the grammaticalized ‘sar’ and its syntactic functions.